# مێردەکەی ئاسکەخاتوون

نووسەر: محمدعلی افغانی

وەرگێر بۆ سەرزمانی کوردی: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

وەرزی سێهەم

بەشی یەکەم

سەیدمیرانی سەرابی لەژێر شۆقی نیوەگیانی چرابرقەکانی شەقامدا بەهەنگاوی بێ پەلە لە ماڵە میرزانەبیی دۆستی ڕا بەرەو ماڵۆچکەکەی خۆی دەچوو. بەربانگەکەی هەرلەوێ کردبوو. دەستەکانی وەک پیشەی بوو لەکاتی ڕۆیشتندا لەپشتەوە پێکەوە گرێدان، سەری داخست، دەبیری کێشەیەکی تازەدابوو کە دەبوو لەنێوان ئەوان و تاقمی ئاشەواناندا هەڵایسێ. شارەداری تازەهاتوو کە میرزا نەبیی لە دیوی خۆی دەرکرد و بە قسەی پڕلە هەڕەشەوگوڕەشەی خۆی کێچی دەکەوڵی نانەوایان خستبوو*[1]، سەفراکەی بەلیمۆیەک شکابوو؛ هەر ئەوڕۆژە دە وتوێژێکی تەواوخۆمانەی دووبەدوودا بەڵێنیی پێدابوو کە ئەگەر نانەواخانەی خۆی بەتەواوی بخاتە ژێر داڵدەی شارەداری، وەک تەنیا پلەداری کارتێکەر و شیاو، دەیتوانی زۆر لەکێشەکان بۆوان چارەبکات. و هەر وەک میرزانەبیش دانی پێدادەهێنا، هیچ قسەیەک نەیدەتوانی لەوەی ڕاستتر بێ. یەکەم کردەی کارتێکەر کە شارەداری دەیتوانی بیکا ئەوەبوو کە پێشی باری کوردی بگرێ کە لەگوندەکانی دەوروبەر ڕا دەڕژانە ئاشەکانی شار. لەوساڵە کەم ئاوەدا ئەو بابەتە هەرچەندە بەزیانی ڕاستەوخۆی ئاشەوانان بوو، سوودێکی زۆری بە نانەواکان دەگەیاند؛ هەقی بار خێرا دادەبەزی؛ ئاشەوانان لە داوای خۆیان دەهاتنەخوارێ. ئەگەر شارەداری ویستبای پێ وەبەرپێی ئاشەوانان بدا دەیتوانی چل و هەشت کاتژمێر لەیەکێک ئاشەوانەکان، کەهەرکام لە دوولایەن کە پەسندیان دەکرد، بڕشت وەرگرێ و بزانێ داوای ئەو تاقمە لەمەڕ زیان کردنیان و پێک نەگەیشتنەوەی داهات و دەرکەوتیان تا چ ڕادەیەک دروست یا نادروستە. بنەمای بابەتەکە دەوەیدابوو کە بێگومان داواکاریش بێکار نەدەمایەوە؛ بگرە، تائەوجێگایەی ڕابردووی دوو سێ‌ساڵی دوایی نیشانی دەدا، ئاشەوانەکان لەوکارانەدا زۆر زرنگتر لەوان بوون. شارەدار بەڵێنیی هاوکاریی پێدابوون، بەڵام بەڕاستی تاکوێ دەربەستی ئەو بەڵێنەی بوو، بابەتێک بوو کە دەبوو داهاتوو وەڵامی بداتەوە.

هەرچۆنێک بێ، سەید میران شادمان بوو؛ دیدار و یەکترناسینی ئەوڕۆژەی لەگەڵ شارەداری بە هەڕەشەوگوڕەشە، بۆخۆی هەنگاوێک بوو بەرەو سەرکەوتن. لەکاتی تێپەڕینی لە سەوزەمەیدان، وەک ئەوەی بەدڵیداهاتبێ، یا ئەوەی کە "بۆن"ی ویی بۆ هاتبێ، سەری هەڵێنا و دەهەنگاو لەپێش خۆی هومای دیت کە دەڕۆیشت؛ هەر بەو چارشێوە سپی و دۆخ و ڕەفتارەوە؛ هەر بەو گۆرەوییە لاسک درێژانە و پێڵاوانەوە. ڕووی خۆی بەتوندی داپۆشیبوو و بەخێرایی ژنێکی وا کە منداڵە شیرەخۆرەکەی بەبێ سەرپەرست لەماڵێ بەجێهێشتبێ شەقاوی داویشتن. گومان لەوەدا نەبوو کە بۆخۆی بوو؛ سەید میران بێجگەلە بەژن و باڵا و دۆخی جلوبەرگی، بەڕێدارۆیشتنیشی دەناسییەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت بوو. وێڕای سەرسووڕمان لەوەی لەو کاتەی شەویدا بۆکوێ دەڕۆیی و لەکوێ ڕا دەهاتەوە هەستی بە دڵەلەرزە کرد. لەڕۆژی گۆڕین ڕاکە لەگەڵ منداڵەکە هاتبووە بەردەرکی دووکانێ تا ئەوکاتە حەوتوویەکی‌تەواو تێپەڕیبوو. ئەو بە درێژاییی ئەو ماوەیە بەتەنیا و بەبێ هۆکارێک، زۆر بیری لە بێئاکامی و باریکیی کارەکەی کردبۆوە. بۆ شاردنەوە نابێ کە ژنە ڕوو جوان و گەنجەکە هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەڕا بەتوندی تەکانی دابوو. هەرچەندە بۆ دیداری دووبارەی تێنەکۆشابوو، بیری ئەو، هەوای ئەو، و خەمی ئەو لەوچەندڕۆژەیدا کە تێپەڕیبوو، بۆ خۆلەکێکیش کابرای کاسپکاری بەرنەدابوو. لێرەدا ڕەنگە کەسێک قامک هەڵێنێ‌و بپرسێ ئەدی ئەوباوەڕی دینی و نوێژوڕۆژووەی پیاوەکەی پابەندی بوو چی‌لێهات؟ ئایا ئەوهۆکارانە، بەوهەموو کارتێکەرییە بەهێزانەی لەسەر لەش و گیانی مرۆڤ هەیانە نەیانتوانیبوو هەوای نەفسی وی لغاوکەن؟ ئەگەر سەنگێنەری دادوەری، وەک شەرع و عورف هەردووکیان باوەڕیان پێیەتی، ئاکامی کردەوە بێ نەک بیری بەتەنێ، وەڵام ئەوەیە کە بۆ توانیبوویان، و باشیشیان توانیبوو، بەڵام لەبیرناکەم کە بیر خەونی بەئاگاییە؛ نموونەی زۆر دەبەردەستدان کە سەید میرانی سەرابی سەهلە، تەنانەت پێغەمبەرانی خواش لە دیاردەی وەک دووکەڵ و خۆنەگری خەیاڵپڵاو لەئەماندا نەبوونە. لەڕۆژی لێپرسینەوەش نامەی کردارمان دەخوێننەوە نەک نامەی ئەفکارمان. بیرکردنەوە لە تاوان نە تاوانە و نە تا پێی لە جغزی خولخۆری خۆی وەدەرنەناوە دەتوانێ داوێنی پارێزکاری و ئاکارباشیی پەڵەدار کردبێ. بێوەژنی ڕووجوان کە دەرکەوتنی ڕوخساری پرشنگدارتر لە ئەستێرەی بەیانی بوو، بەوچاوە ئاژاوەگێڕانە، بەو شێوە پڕمانا و تەڕی و بەڕیبانەیان، نەدەگونجا بینەر نەخاتە بیرکردنەوە. هێندێکان لەسەر ئەوباوەڕەن کە لەبنەڕەتدا سەیدەکان، کە حەولادی پێغەمبەر بن، بەشوێن ئەو حەزرەتەدا، سڵاوی خوای لە خۆی و جێنشینانی بێ، لەبەر ئەوەی دنیا دەبێ بە ڕەگەزی وانەوە پایەداربێ مەیلی زۆرتریان بە کۆمەڵی ژنانەوە هەیە[1]؛ لەسەر دروستی یا نادروستیی ئەو ڕوانگەیە، هەر دەبێ ئەوەندە بکوترێ کە ئەگەر ئیسلام لەسەر ئەوبناخەی دانەمەزرابوو نەیدەتوانی دینی فرەژنی بێ. لەوانەیە موسوڵمانێک هەرکات مەیلی هەبێ‌وتوانایی ماڵیی هەبێ بتوانێ تائەو ڕادەی بگونجێ بە ژنانی مارەکراو و سیغە پڕی کاتەوە. بەڵام لەهەمووی ئەو باسانە بگوزەرێین، بیری سەیدمیران لەو چەند شەو و ڕۆژەدا کە تێپەڕیبوون، لەسەر تەوەرەیەکی دیکەش خولابۆوە؛ وەک بیرێکی ماخولیایی یا لێپرسینەوەی دەروونی هەمیشە خۆی وەک لایەنی بەرپرسیار دادەنا:

- ئەوژنە چ مەبەستێکی لەو دەردی دڵانە هەبوو کە بەوڕێگا نەشیاوەدا لە پێش تۆهەڵی ڕشتن؟ ئایا بەزمانی بێزمانی داوای یاریدەی لێ نەکردی؟ <u>گرفتاریی ئێستای ڕەنگە مەترسیدارتر لەوەی بێ کە بکرێ دەری برێ.</u>

*١- نووسەر دەڵێ: ماری مردووی دەدەست و پێی نانەواکان هاویشتبوو، کە هاوسەنگە کوردییەکەم داناوە.

١- دەڵێن کە حەزرەتی ڕەسوول(د.خ) لە هەرنوێژێکدا دووعای دەفەرموو (بارک علی محمد و آل محمد).

که بیری لەوبابەتەدەکردەوە، دەکەوتە ژێر کارتێکردنی دەروونباشییەکی مەردانە کە لە سرشتی زاتی ویدا بوو، وێناگەلی خۆپەرستانەی فڕێدەدان کە شتێک نەبوون بێجگە لە کاوێژی بێکەلکی ڕوح. بە بێزارییەوە نفرینی لەخۆی دەکرد کە خۆی بەدەستەوەداوە بۆ هەواگەلی پەست و ناپەسند؛ لەجیاتی ئەوەی ژنە گەنج و بێهەنجەتەکە بەچاوی خوشک و برایەتی چاولێکا، هەوای دەست بەسەرداگرتن‌و بوون بە خاوەنیی دەسەری‌خۆی خستووە. لەوەی کە دەیدیت هەلی چاکەیەکی بەجێ وخواپەسندانەی لەدەست داوە، وەک ئەوەی تاوانێکی کردبێ، ناڕەحەت و پەشیمان بوو. لەوەی هیچی بۆدۆزینەوەی نەدیتبۆوە تا وەک برا دەستی دالّدەدانی بەسەردابکێشێ، خۆی دەخواردەوە. ئێستا کە دەستی هەڵکەوت، ونبووەکەی خستبووە بەرەوڕووی، بیرێکی بەزەینداهات:

- بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ وەدوای دەکەوم، ماڵەکەی دەدۆزمەوە و هەر ئەوشۆ یا سپەینێ یەکێک لە ژنانی دراوسێ یا تەنانەت ئاسکە خاتوونیش دەنێرمە سەردان و لێپرسینی. جا ئەگەر پێویستی بەیارمەتی بی یا هەرکارێکی هەبێ ئەوە دیاری دەکا. ئەوکارە کاری خودی من نییە؛ دەبێ لە هاوچەشنانی خۆی یاریدە وەرگیرێ.

بەو تروسکە لەناکاوەی بەمێشکیدا هاتبوو شایی دەدڵیدا گەڕا. خێرایی هەنگاوەکانی خۆی کەم کردەوە، کە بەبێ ویستی خۆی بەدیتنی ژنەکە توند ببوون، تا ئەوپەڕی نێوانی پێویستی لەگەڵدا پارستبێ. بەخۆشییەوە شەقام قەرەباڵغ نەبوو کە بەچاو ونی‌کا؛ چۆلیش نەبوو تا کەس گومانی بۆ بەرێ.

نەخشەکەی جێگای پەسند وبیرەکەی سەتاسەت تازەبوو. بەڵام بەپێچەوانەی هەمووی ئەوانە و سەرەڕای هەموو تێکۆشانی بۆ نەدیتران، ئایا ژنی هۆشیار وەک ماسکێکی ئاوس کە بۆنی شێری برسیی لە مێشەدا بۆهاتبێ، بە بونی وی بەدوای خۆیدا نەزانی کە پاش بڕینی مەودایەکی کورت، لەناکاو بایداوە نێو کۆلانێک؟ ئەویش یەکەم کۆلان کە ڕێگای تێکەوتبوو. ئایا نەیدەویست ئاوا لەدەستی ڕاکا؟

کە گەیشتە سەری کۆڵانەکە دوودڵی بەهەموو هێزییەوە لە بەرانبەریدا ڕاوەستابوو کە بەدوایدا بڕوات یا لێیگەڕێ وەدوای کار و ژیانی خۆی کەوێ؟ ژنۆکەی بێ سەرپەرست کە ئاگای لە قووڵاییی مەبەستی چاکەی وی لەو وەدواکەتنەی نەبوو، چۆنی لێ دەڕوانی؛ بەچیدا دیاربوو ناگەڕێتەوە و دوو قسەی نەشیاو یا لەوانەشە جوێنێکی پیسی پێنەدەدا:

"پیاویژگەی بێشەرموحەیا، ئایا ژنێک مافی ئەوەی‌نییە بەتەنێ لەماڵ بێتەدەرێ؟ تۆ نامووست نییە؟ شەرم لەڕیشی سپیت ناکەی وەدوای من دەکەوی؟!"

و ئەوجار دەبووە بابەتی پشیلەکە کەدەیانەویست دەستی بەسەردا بێنن و بیلاوێننەوە، بەڵام ئەو لەترسان جینجڕۆکی داویشت. لەکاری خێردا پەلە ڕەوا و فاڵ گرتنەوە بە قورئان نابەجێیە، بەڵام سەیدمیران بۆماوەی چەند خولەکێک لە گێژاوێکی ترس و دڵەڕاوکێیەکی وەهای بڕیاردا گیری کردبوو کە هەموو ئامۆژگارییە باشەکانی جیهانی لەبیر کردبوون. پێیەکی بۆ دواوە و پێیەکی بۆ پێشەوە دەچوو. تەنیا کاتێک بەسەر دۆخی لاوازی و دوودڵیی خۆیدا زاڵبوو، کە تا ڕادەیەکی تادار بۆی بەئازاربوو، کە دیتی شان‌بەشانی وی لە کۆڵانە چۆل‌وتاریکەکەدا هەنگاودەنێ‌وخەریکی قسەکردنە. لەژیاندا ئەوەیەکەم‌جاربوو کە چێژی لەوێرایی و هێزی بڕیاری خۆی وەردەگرت. بەڵام ژنە، وەک ئەو هوما ئارام و لەسەرەخۆیەی پێشوو نییە کە ئەو دیتبووی؛ یەکەم ڕستە کە بەزمانیداهات ئەوەبوو:

- من دووڕۆژە دەمەوێ ئێوە ببینم و بۆم ناکرێ؛ ئایا یارمەتییەکتان بۆ بوونەوەرێکی بەدبەخت و بێ‌دالّدە لەدەست دێ، کەشەڕافەت و ژیانی لەلێواری هەڵدێردایە؟

ئەوەی کوت و بەخێرایی چەند هەنگاو چووەپێش و لێی دوورکەوتەوە وەک ئەوەی شەرمیش لەو پیاوە بێگانەی بکا و لێشی بترسێ. سەید میران داما چبڵێ. جۆڵانەوەکانی ژنەکە وەک ئاپتەرودەرکراوان، سەیر و خۆنەویستانە بوو. وێدەچوو لەلەشی خۆی دەڕەوێتەوە. لەناکاو ڕاوەستا و تێیڕاخوڕی:

- ها، وەڵامدەوە! یا ئێوەش وەک هەموو پیاوان، تەنیا ڕوخساری خۆتان لەئاوێنەدا دەبینن؟ ئەگەر وایە لێم گەڕێن و هەرلێرەڕا وەدوای کاری خۆ کەون.

ئەگەر کۆڵان ڕووناک دەبوو، بەباشی دەدیترا کە ڕەنگە پۆڵایینەکەی جەفەری پیاوەکە چۆن سپی هەڵگەڕابوو. بەدەنگێکی نیوەگیراوەوە کە بی تەرەتەریش نەبوو، کوتی:

- خاتوونی بەڕێز، لەوەی کە دەبینن وەدواتان کەوتووم، ئەگەر بزانن چ مەبەستێکم هەبووە، لەوانەیە باوەڕنەکەن چ نیازێکم دەدڵدابووە. نەخشەی من ئاوا نەبووە کە ئێوە دەیبینن؛ دەمەویست پاش ئەوەی سایەبەسایەت هاتم و بە ماڵەگەورەی خۆمم زانی کە لەکوێیە، ژنەکەم بنێرمە وێندەرێ تا وەک خوشکێکی دڵسۆز و دەردپرس، دڕوویەک لە قالبت دەرێنێ.

ژنە بە سەرکۆنەیەکی توندەوە قسەکەی بڕی:

- ژنەکەت بنێرییەکوێ، بۆ ماڵە ناوزڕاوان؟ بۆماڵێک کە تەنیا ڕیسوابووانی بەخترەشی وەک من تێیدا شیاوی ژیاننن ؟ ئایا ئەوەندە سادە وخۆش باوەڕن کە تا ئێستا نەتان زانیوە ڕووی قسەکانتان دەکێیە؟ یا زانیوتانە و دەتانەوێ ئێوەش بۆ ماوەیەک بمکەنە مایەی گەمە و هەوەسبازییەکانتان. بەڵام بەهەڵەداچوون، من تا ئەو کاتژمێرەش نەبوومەتە ئامرازی هەوەسبازیی کەس، تا ئێوە دووهەمییەکەی بن.

سەید میران بەوپەڕی نەرمی و لەسەرەخۆیییەوە کوتی:

- داوا لە ئێوەی خاتوونی خۆشەویست دەکەم، پێش ئەوەی کەسێکتان ناسیبێ، داوەریی لەسەر مەکەن؛ هەر وەک منیش لەسەر ئێوە نەمکردووە. ئێوە لەبەرخۆتانەوە هەر چییەک بن لەبەرچاوی من لە ژنێکی بەڕێز و نەجیب بەدەر نین، کە شیاوی هەموو باشییەکانی ژیانە. و دەتوانم هەر بەو ئابڕوو و شەڕافەتە هەڕەشە لێکراوەی تائەو ڕادەی خۆشتان دەوێ، تا ئەوڕادەی بۆی نیگەرانن، سوێندی مەردانە بخۆم کە نەک تەنیا چووکترین گومانی ناڕەوا یا بیرێکی وا کە ڕەنگی هەوەسی تێدابێ، لەمن گوزەراوە و بەڵکو مەردانە بەنیازم لەڕێگای یارمەتی بەئێوە هەنگاو بنێمە پێش و تا ئەوجێگایەی لەدەستم دێ لە تێکۆشان درێخی نەکەم. بێجگە لەوەی بڵێم چی؛ بێجگەلەوەی کە دەبێ خۆم سەرکۆنەکەم کە هەر لە دیداری یەکەمم لەگەڵ ئێوەدا، بۆچی ئەوەم نەزانی کە ئێستا دەیزانم، هەرچەندە، من کەسێکی بەپرسیار نەبوومە و نیم، و پێش ئەوەی بۆخۆتان بەڕاشکاوی شتێکتان هێنابێتە گۆڕێ، ڕێگای ئەو خۆ تێهەڵقورتانە نادەین؛ بەڵام هەر ئەوەندە سوێند بە ڕاستی، لەو حەوت شەوورۆژەی کە ڕابووردووە بۆ چرکەیەک لە کاری ئێوە خافڵ نەبوومە. ئەگەر ئێوە لە ئاگردا دەسووتێن بزانن کە ئازارەکەی من دەیکێشم. ئایا ئێستا دەچنەوە ئەو خانووەی باسی دەکەن؟ و منیش دەبێ لەگەڵ ئێوە بێم.

- بەڵێ دەچمە هەمان ماڵ؛ بۆ هەمان بەقوڕێ گێراوەی کەدەبێ ببێتە یا باشتر بڵێم، بووەتەگۆڕستانی ئابڕوو و شەڕەفی من. لەوێ بەدەر کوێم هەیە بیچمێ. دەمەوێ بچم و بە خواردنی وردکە شووشە گیانی خۆم لەچەنگ ئەو ژیانە پڕکوێرەوەری و ڕیسوایە ئاسوودەکەم. بە سەتهەزار ئومێدوئاواتەوە چووبووم تا چاوێکم بەجگەرگۆشەکانی منداڵە دایکمردووەکانم بکەوێ. پێموابوو ئەوڕۆ کەڕۆژی عارەفەیە ئەو عیفریتە، خوشکەمێردەکەم، وەک هەموو خەڵکی بۆ تەماشای دەستەکانی تازیمانە لەگەڵ منداڵەکان لەماڵێ دێتەدەرو هەر وەک چۆن هێندێک ساڵان بەبیریدا دەهات، دەچێتە مزگەوت یا تەکیە. لە دوو کاتژمێری دوای نیوەڕۆڕا تا ئەو خۆلەکەی کە دەگەڕێمەوە، لەداڵانی یەکێک لەماڵەکانی کۆڵانەکەلەچاوەڕوانیدادانیشتبووم. بەڵام چاوەڕوانییەکی چەندپووچبووا! ئەوەنییەمنوەکـژنێکیبەدبەخت خولقێندراوم؛ تەنانەت لەو چرکەیدا کە دەمەوێ ماڵئاوایی لە ژیان بکەم دەبێ ئاواتی دوایین‌دیداریان دەگەڵ خۆم ببەمەبن‌گڵی! ئەگەر نیگایەکی چارەی خۆشەویستیان و چەند وشە دواندنیان بەبایی گیانم تەواودەبوو، بەوپەڕی مەیل و ڕەزاوە ئەو سەودایەم پەسنددەکردو بێترسودڕدۆنگی دەچوومە نێوماڵەکە؛ بەڵام ئەو جەللادەی پیستر لە حارس بە فرێدانی قورئانێ سوێندی خواردووە ئەگەر لاقی من بەهەر ناو یا بیانوێک جا هەرچی بێ، وەدەرگای ماڵەکەی کەوێ، یا بەسەبەبسازیگەلی ژنانە لەجێگایەک منداڵەکانم ببینم، بەبێ سێ‌ودوو هەردووکیان دەباتە سەرپێشۆریحەوز و وەکـمریشکێ سەریان‌دەبڕێ. ئەوەیە ئەوئاگرەبێئامانەی خەریکەگیانم‌دەسووتێنێ. لەلایەکەوە دووریی هەمیشەیی لە منداڵانی دڵبەندم کە هیوای ژیانم بوونە، کە ڕیشەی بوونیان لەو دڵەم ڕا ئاویان خواردۆتەوە، پێتوایە ئەوەی کوتوویەتی نایکا؟ هەم! ئەگەر من بەقەرا نووکەدەرزییەک خۆشەویستیی ئەو منداڵانەم لە دڵی ئەودا هەست پێکردبا بۆچی دەستم لەژیان دەشوشت. بۆخاتری خۆشبەختیی هەر ئەو منداڵانەبوو کە ئەوکارەم کرد؛ بەڵام لە تۆڵەی وی خافڵ بووم. و خافڵ بووم لەوەی خوشکە سەڵیتەکەی لەپاشملە چ شتگەلێک ناڵێ، چ ناوبانگگەلێکم وەدووناخات. دەمەویست هەرئەوەی بڵێم – لەلایەکەوە دووری لەو منداڵانەی پێویستییان بە دەست گرۆییی دایکیان هەیە، و لەلایەکیشەوە شەرمەزاریی بەدنێویوبێئابڕوویی! تەنانەت ئەودەستەخوشکانەی چەندساڵی ڕەبەق دۆستایەتی و هاتوچۆم دەگەڵیان هەبووە، ئەوڕۆ کاتێک سێبەرم لەکۆڵانێ دەبینن، خۆیان لەپشت تای دەرگا دەشارنەوە. دەڵەی گولی لە خەستەخانە هەڵاتووم کە دەمەوێ دەستیان دەگەڵ دەقاپی نێم.

بێژەری ئەوقسانە ڕاوەستا؛ دەتکوت هێزی ڕۆیشتنی تەواوبووە، لەتاریکیی کۆڵاندا شانی وەدیواردا، دەستەکانی بەدەموچاوی گرتن و بۆ بەدبەختیی خۆی دەستی کرد بەگریان. سەیدمیران بەوپێشهاتە کەوتبووە دۆخێکی ناهەموار؛ نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکا کە ژنە بێتەوە سەرەخۆ. سەرەنجام کوتی:

- دۆخی تۆبەڕاستی بۆمن خەمهێنەرە. بەڵام ئێرە جێگای ڕاوەستان و گریان نییە. هەردەردێک، دڵنیابە دەرمانێکی‌هەیە؛ بۆدەبێ ئەوەندە گوشار بۆخۆت بێنی. بابڕۆین، بابڕۆین. کاتێک من بەگیروگرفتی کاری تۆم زانی چییە، بەدڵنیاییەوە بزانە تا بەیەکجاری چارەی نەکەم ئارام ناگرم. یا دەگەڵم دێیە ماڵە مە، یا من دەگەڵ تۆ دێمە دێمە ماڵە تۆ یا بۆ هەرکوێیەک دەچی. لەوێ پێکەوە دەدوێین. ئاخر من دەبێ بزانم ئەرکم چییە؛ وانییە؟ تائێستا کێهە کێشە بە گریان و ناڵین چارە کراوە؟

بەبەزەییەکی سروشتی‌وبەتەواوی ئەفلاتوونی، لەڕووی چارشێوەوە باسکی گرت. هۆما ناچار دەستی لەگریان هەڵگرت. بەهەنگاوی وەک مەکینە، کە نزمی و بێهیوایی سستی کردبوون لەگەڵ پیاوەکە کەوتەڕێ. ژن و مێردێکی پیربەمنداڵێکەوە بەلایاندا تێپەڕین. پاش چەند خولەک بێدەنگی، هوما بە شوێنەواری گریانێکی ژێربۆوە لەدەنگیدا کوتی:

- ئێوە دەبێ بێنە ئەوشوێنەی منی لێم، بێجگە لەوە چارەیەکم نییە؛ بەڵام ئەوشۆ نا، سپەی بەیانی. کە لەدەرگاتان دا خۆتان وەک یەکێک لە دۆستانی مێردەکەم دەناسێنن، کە هاتوون پێکمان بێننەوە. ڕاستە زمانت بەڕۆژووە، بەڵام ئەوە درۆیەکە خوا دەیبەخشێ. لەوساتەوە من بەچاوی کەسێکەوە چاوت لێدەکەم خوا بۆخۆی ناردوویەتە یاریدەم؛ بۆخۆی کە لە باریکترین دەمەکانی ئەو چوار مانگە ڕەشەدا شەرەف و ئابڕووی ژنێکی بێداڵدەی وەک شووشە لەپەنابەردی پاراستووە. دەڵێم چوارمانگی ڕەش، لەبەر ئەوەی کە هاتم لە کۆلکەی بڕەوەمەوە بەسەر بەرازیداکەوتووم*١؛ لەڕووی نەزانییەوە ئابڕووی خۆمم بە تاڵە موویەکەوە بەستەوە و دامە دەست گەنجۆکەیەک تا بییات و هەر وەک هاڕووت و ماڕووت لە بیری وەیلدا سەراونخوونن، لە جەهەننەمێکی خراپتریشدا هەڵیئاوەسێ. ئەو تیرەی من لە تاریکیدا هاویشتم بەناچاری دەبوو خۆشەویست ترین مایەی ژیانم بپێکێ؛ چونکە وا وێدەچێ چارەنووسم شتێکی بێجگە لەو سووکایەتی کێشانەنییە. بەڵێ‌ئاغای‌بەڕێز، ئێوەلەتەک‌ژنێکی چارەڕەش‌هەڵەکار بەرەوڕوون کە تەمەن و ژیانی هەمیشەدەگرەوی نەزانییەکانیدابووە؛ کە هەرگیز خێرێکی لەخۆی نەدیوە و لەوانەشە لەوەی بەدواش نەیبینێ؛ چونکە شایانی نییە. چونکە هێزی هزری لە کاتەکانی باریکی ژیاندا لە مەیموونێکی جەنگەڵ کەمتربووە. ئەوکەسەی بەبەڵێنی پووچی‌لاتێکی بێ‌لێفە هەستێ و بچێتە سەماخانە، بێگومان هەربەکاری ئەو سەماکردنە دێ، نەک ژیانێکی ئابڕوومەندی خێزانی؛ دەبێ هاودەمی سەماکاران و موتریبانی سووک و چرووک بێ نەک ژنان و پیاوانی شەریف و خۆشناو! لێم مەپرسە ئەوگەنجە کێ‌بوو، چۆن تووشی‌من‌بوو؛ لەوپەڕی بەدبەختیدا خۆشبەختیم لەوەدایە ئەوچیرۆکەی من لەگەڵ ئەودا پێش ئەوەی بەجێگایەک بگا بەکۆتاییی گەیشت. هەر ئەوەند بەوپەڕی ڕوو چەرمگی و هەر بەو شەوە خۆشەویستەی ناپاکی‌ودرۆ لەئاستیدا ڕەنگ‌دەبزڕکێنن و خاوەنی‌خۆیان ڕیسوادەکەن، سوێند دەخۆم کەئەو بەهەموو ئەوسیما سیسەمارانە و فێڵەبازانەی لە ئەڤینی خۆیدا هەیبوو، سەرەڕای ئەوەی ڕیاکارانە بردبوومیە کونجی دڵخوازی خۆی، لەهەموو ماوەی حەوتوویەک هاتوچۆی بۆلای من، تەنانەت نەیتوانی بۆ چرکەیەکیش بەتەنیا وەگیرمخا. ئەو یەکێک بوو لەچارەوێدارانی قەڵەو و خرپن و تۆزاوی کە ماشێن هێناویەتە دنیای ئێمە؛ لەوانەی بەیانی لێرەن، نانی نیوەڕۆی خۆیان لە کلکەی ئاوەج دەخۆن و شەوێ لەسەر باربەندی ماشێن لە یەکێک لەکارێژە نزمەکانی تاران دەخەون؛ لەهەموو شوێنێکن و لە هیچکوێش نین؛ لەو دەروێشانەن کە لەهەرکوێ شەویان بەسەرداهات ئەوێ ماڵیانە؛ نە مزڵ و لانەیەکیان هەیە و نە دەتوانن پابەندی عەهد و عەیالێک بمێننەوە. بەکرێگیراوی ماشێن و یەخسیری دەشت و بیابانن. ئەگەر ئاواتێکیان هەبێ تەنیا ئەوەیە بە مردنی سروشتی بمرن. ئەوەندەیان بوختانی ڕەنگاوڕەنگ‌وناڕەوا پێکردم، ئاشق و فاسقی تاق‌وجووتیان بۆ داتاشیم کە بڕیارم دا ئەو جلکە پیسەی چوارساڵی تەواو یەک دەیبڕی و ئەوی دی دەیدروو، بەجارێک و بۆ هەتاهەتایە بیکەمە بەرم و خۆم لە حاند بوختانەکان بکەمە گیان پۆلا. من ئیدی جاڕس ببووم؛ بەڵام لەجیاتی ئەوەی خۆم بکوژم و ئاو بەدڵی واندا بپڕژێنم، بەفێڵ جارێ خۆم وەک ئەڤینداری ئەو پیاوە نواند؛ وام کرد ئەو کارەکەی بەجێ بێڵێ و بەهەوای من ڕۆژانە لە بەری بەیانی ڕا تا درەنگانی شەوێ لەسەر کۆڵانەکەمان کێشک بدا و جغارە بکێشێ. تەنیا بەوڕێگایەدابوو کە دەمتوانی گیانی خۆم لە چەنگی وان دەربازکەم. دان بەوە دادەنێم، بۆ ژنێک، هیچ تاوانێک گەورەتر لە دەست دانە نەخشەیەکی وا بوێرانە نییە، کە هەردەم لەوانەبوو خوێنێک بەرپا بکا؛ نەخشەیەک کە لەوانەبوو تەنیا لەدەستی وەک منێک، ژنێکی یاخی و بەرەڵڵا بێ. بەڵام ئەوەش بڵێم، منێک کە بۆ ئازادی بەو بێ‌ترسییە قەرەچییانە و نەشیاوی کوتنە خۆم ڕسوای هەمووکەس کردبوو، ئەمنێک کە تا سەرلێواری هەڵدێرگەی ئاژاوەیەکی خوێناوی و ترسناک چووبوومە پێش، چ‌هۆکارێک هەبوو کەئێستا دوای گەیشتن بەمەبەست، وەڵامی‌نا بدەمەوەئەوگەنجەی کەوتبووەبەردەستم. ئەو گەنجێک بوو بەقژی‌زەرد، چاوی لەڕەنگی‌دەریا، سینگ‌وباسکی بەهێز و قەڵافەتێکی زۆرلەبارەوە؛ و وەک لەدوورەوەدیتبووم تەواوی ماکەکانی پیاوەتیی تێدابوون. زمانی نەختێک دەگیرا کە لە ڕوانگەی منەوە هیچ بۆ گرنگی پێدان نەدەبوو. بۆمن نەدەکرا بەهێندی نەگرم؛ چونکە وەک‌دەڵێن، وەک‌فارق یانازانم‌تارق لەشەڕی‌ئیسپانیادا هەمووپردەکانی پاش‌خۆمڕووخاندبوون، ئەگەردەستم بەڕوویەوەنابا ڕیسواییەکەم مسۆگەردەبوو و هەتاهەتایەداغەکەی بەنێوچاوانمەوەدەماوە؛ ئەگەر وەڵامی‌ئەڤینەکەیم‌دەداوە، ئابڕووی لەدەست‌چووی خۆمم دەگەڕاندەوە. بەڵام ئێستا ئەوهێنابوومیەئەوماڵە؟!

ئەو دەیکوت خاوەنماڵ دەناسێ؛ دۆستییەتی و منی لەبەر دۆستایەتی باوەڕ پێکردنی بردۆتە وێ. بەڵام من نەمدەتوانی بەو قسانە قانع بم. لەخۆمم دەپرسی بۆچی وای کرد؟ ئایا چێژە و هۆگرییەک یا خاڵێکی لاوازی سەبارەت بە سەماکردن لەمندا هەست پێکردبوو؟ لەکوێ و چۆن؟ هەر ئەوەندەی دەزانم کە ئەو دەیزانی باش سەمادەکەم؛ وێدەچێ لەجێگایەک چاوی لێ‌بووبێ؛ لەوانەیە لێکۆڵینەوەی لە دەورو بەری من کردبێ و پێیزانیبێ. لەوانەیە نرخ‌وشیاویی منی لەوەبەزیاترنەدەزانی چونکە مێردومنداڵەکانم بەجێهێشتبوون‌و دڵم هەوەسبازانە دابووە مێهر و وەفای وی؟ یا دەیەویست دەرسێکی دابێتە من. ڕەنگیشە جێگای لەوەباشتری لەشاری غەریب نەبوو. هەرچۆنێک بێ ئەو بابەتەی دواییی‌لەنێو هەموو ئەگەرەکانی پێشوودا دەوری سەرەکیی هەبوو؛ چونکە ئەو حەوتوویەک خۆی لەسەرمن دەستی لەکاروژیانی

*١- نووسەر بەفارسی دەڵێ: لەقووڵکەی هاتمەدەر دەچاڵێ کەوتم کە هاوسەنگەکەی لەکوردیدا ئەوەیە من دامناوە.

خۆی هەڵگرتبوو، بێجگە لەئەڤینوئاخێک هیچی لەباراندانەبوو کەبتوانی بەهێزەکەی لەدیواری ماڵەدەوڵەمەندان وەسەرکەوێ یا لەسەر پردی قەرەسوو خۆی فڕێداتەخوارێ. لەسەرساجیعەلی بوو*١، بۆمن، سەرەڕای ئەوهەموو خەیانەتەی لە هەنگاوی یەکەمەوە لێم دیتبوو، ئاستەمە بڵێم خوازیارم نەبوو. لەوانەیە ئەگەر نەختێک تەمەنی لەسەرتر با یا تێپەڕینیکات ماوەی پێدابا، باشتر لەوەی بەوئاواتەی خۆی دەگەیشت کە پێی گەیشت. حەوتوویەک لەبن ئاوێ بینەی کێشا تا پووڵوجلک و ژیمام بۆ دەستەبەربکات و کە دیسان پەیدابۆوە، ئەمنی لەوماڵە نەدیتەوە کە پێیئەسپاردبووم. خاوەنماڵ واتە هەر ئەو پیاوەی سەماخانەکەی دەگێڕا، یا باشتر بڵێم ژن و کچەکەی لەبەردڵسۆزی یا بۆ بەرەوپێش چوونی کاروباری خۆیان پیلانێک دەگێڕن و کە ئەو دێتەوە دەرگای ماڵێ دەپرسن:

- کێت دەوێ؟ ئەوخانمەی دوێنێ شەوێ دەگەڵ تۆ بوو، دوێنێ شەوێ بوخچەکەی وەبنەهەنگڵی دا و ڕۆیی، جا بۆکوێ چوو/ ئەوەی نازانین و لەسەریشمان نییە بیزانین، نە ئەو ماڵ بوو کە دەستمان بەسەردا گرتبێ یا فرۆشتبمان، نە مرۆڤکوژین تا سەرمان بڕیبێ و وەبنگڵیمان دابێ. بۆ ئەوەی باوڕ بەقسەکانمان بکەی دەتوانی ئەوماڵەی لەگەڵ هەر کەس یا هەر خاون پلەیەک ژێروبان بکەی.

ئەودەمەی ئەو قسانە دەکوتران، من لەپشت پەردەی دەرگای حەوشە گوێم دەدانێ. دڵم لەترسی ڕووداو و هاتوهاوار دەپەژارەدابوو. بۆخۆشم نەمدەزانی بۆ دەبێ بێدەنگە لە بابەتەکە بکەم. و سەرەنجام ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات، ڕوویدا. پێی پۆلیس هاتە نێوان کە بە بوونی من لەلای خاوەنماڵەکەیان زانی؛ بەڵام لەڕووی مەسڵەحەتەوە بەپێویستیان نەزانی بەگەنجەکە بڵێن؛ چونکە سکاڵا و داواکەیان لەبنەڕەتدا بەبێجێ دەزانی. بەوجۆرە دەستی لەمن بەربوو بەڵام —

لە درێژەدان بە قسە وەستا. وەک ئەوەی لەگێڕانەوەی چیرۆکێک، کە بێجگە لە شوورەیی و ڕیسوایی هیچی پێوەنەبوو، شەرمی دەکرد. سەید میران لەجیاتی وی درێژەی پێدا:

- بەڵام لەکۆلکەی ڕەوییەوە بەسەر بەرازیدا کەوتی*٢؛ ئایا پاشماوەی چیرۆکەکەتان هەر لەو یەک ڕستەیدا پوختە نابێتەوە؟ ئەوەی تۆی لەچەنگ ئەو پیاوە فێڵاوییە ئۆینبازە دەرێناوە، لە تۆڵەی ئەوپووڵانەی لەو ڕێگایەدا بۆتۆی داون، نایەوێ دەستت بۆ هەمیشە لەبن باری خۆیدا بێڵێتەوە*٣؟ من پیلانێکی خوێڕییانە لەوکارەدا دەبینم.

- ڕەنگە بێژی نەیژی وابێ کە ئێوە دەڵێن. لاوازییەکانی مرۆڤ هەمیشە یەکەمین دوژمنی گیانی ئەون. ئایا پێت خۆشە پاشماوەکەی ئەو ڕووداوە ببیسی؟

سەید میران، کە چەند هەنگاوێک لەپشت وی دەڕۆیشت، بە خێراییەکی واکە ئەدەب و هۆگرییە تایبەتەکی دەنواند، وەڵامی داوە:

- هەڵبەت سەت هەڵبەت خاتوونی خۆشەویست. تەنانەت ئامۆژگاریتان دەکەم لە کوتنی وردەکارییەکانیش خۆ مەبوێرن. لەوانەیە سپەینێ کە دێمەوێ ئەگەر بەوردی ڕەوتی کارەکەتاننەزانم، وەک سەربازێکبم لەسەرزەمینێکی نەناسراودا دەستمبەشەڕکردبێ. دەبێ بەوردی بزانم لەگەڵ چ چەشنە کەسانێک بەرەوڕووم؟ چ شێوەگوتارێک دەبێ بۆلەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵوان هەڵبژێرم. پێتانکوتم بڵێم لەلایەن مێردەکەتانەوەو بۆ گێڕانەوەتان بۆسەرماڵەکەی یەکەمتان هاتوومەئێرە؟ لەڕوانگەیخۆمەوە لەڕاستیدا چ خۆشبەختییەک لەوەی لەسەرتر کەبتوانم خێرێکی واگەورە بکەم. ئێوە بەو وێراییەیە بێوێنەی بۆبەجێهێشتنی مێردەکەتان لەخۆتان نواندووە، دەستتان لەسەرهەستیارترین ڕەگی گیانی داگرتووە کە ئەویش دەماروغیرەتی پیاوانەی بێ؛ لەو بابەتەدا هیچگومانێکم نییە. بەڵام ئەوکەسەی تا ئەبەد ڕقی نەنیشێتەوە مەگەر بەندەی خودای نەبێ. ئەویش هەرچییەکبێ، مرۆڤەومرۆڤ جێگای لێبووردن و فەرامۆشییە. لەبابەت قایلبوون یا نەبوونی ئێوە، بەدڵنیاییەوە بزانە ئەگەر ڕووت وەرگێری و ئاوڕێک بدەیەوە دوایە، بێگومان نابی بەبەرد.

سەیدمیران بەسیلەی چاو سەیری هاودەنگەکەی خۆی کرد و بزەخەنەیەکی کرد. لەو تەوسە، کە مەبەستی وی ژنی (لووت)ی پێغەمبەر بوو کە لەکاتی هەڵاتندا لە سەدووم*٤ ڕا ئاوڕی داوە و بوو بە کۆڵەکەیەکی خوێ.

درێژەی بەقسەکانی دا و کوتی:

- من لە توندوتیژییەکانی لەسەرتۆدا ئەڤینێک بەدی ناکەم؛ ئەڤینی پەروەردەنەکراوێک کە لەسەر شکۆفە خراپە گەشەنەکردووەکانی،

*١- نووسەر دەڵێ: (هیچ چیزی در بساط نداشت) کە هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە.
*٢- نووسەر دەڵێ: (از چنگ دزد درآمدی گیر رمال افتادی) کە هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە.
*٣- نووسەر دەڵێ: (برای همیشه نمیخواهد دستت را زیر سنگ نگهدارد؟) کە هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە.
*٤- سەدووم شارێکی کۆنی فەلەستینە.

لەجیاتی گوڵی جوان دڕوو ڕواون. و تەنانەت دەمەوێ بڵێم تەواوی بەدڕەفتارییەکانی لەگەڵ تۆدا لە سەرچاوەی هەر ئەو ئەڤینەوە ئاویان خواردۆتەوە. خۆشبەختیی تۆ و ئەو دیسانیش هەر چییەک بێ لە ژیان لەگەڵ یەکتریدا جۆشی خواردووە.

- نا،نا، با باسی ئەوکارەی نەکەین کە ئاستەمی خوایی‌یە؛ کێو دەگاتە کێو و منوئەو نا. ڕاستەکەمن هەرلەجێ لەخوێندرانەوەی دووعای مارەکردنەکەم ڕا لەکاری خۆم پەشیمان ببوومەوە، بەڵام ئەوە دیاردەیەکی گشتییە کەتایبەتمەندیی هەمو ژنانە. ئەگەر سێ‌بەسێ تەڵاقیش نەدرابام، هەرگیزئامادەنەدەبووم بگەڕێمەوەماڵەکەی؛ ئێمە لەپەیوەندییەکانی ڕابردووی‌خۆمندا هیچدۆڵێکمان‌بەپاکی نەهێشتۆتەوە. هەر ئەوەندە تا کۆتاییی تەمەنم سپاسگوزارتم کە ئەگەر بتەوێ کارێکی نەگونجاو بگونجێنی، تێکۆشان و مشووری بەئاوەزانەی خۆت لەو بوارەدا بخەیە گەڕ کە دوانە خۆشەویستەکانم پێ بگەیەنییەوە. کاتێک دەستی وانم دەدەستی خۆمدا دیت، هەڵیان دەگرم و دەچمەوە گوند. لەوێ بەبێ ئەوەی باسی مێرد بکەم لەسەریان دادەنیشم و گەورەیان دەکەم. ئێستا کە خۆشبەختیی خۆم بەباداچووە، با ئی‌منداڵەکانم تێدا نەچێ. ئەگەر ژن و مێرد خراپن و پێکەوە ناسازێن تاوانی منداڵەکانیان چییە. منێک کە لەلایەن مێردەوە بەختڕەش بووم، لانی کەم با لەلایەن منداڵانەوە وانەبم؛ ئەوانە پارێزەرانی شانازی و شەرەفی منن.هوما لەکاتی کوتنی ئەو قسانەی دواییدا وەک ئەوانەی لەخەودا بەڕێدا دەڕۆن، دەگەڵ ئەوەیدا چەند هەنگاو لەپێشەوە دەڕۆیی، وشەگەلێکی ناڕوونی هێنانە سەرزمان؛ وەک ئەوەی لە هێنانە پێش‌چاوی بیرەکەی بترسێ. ڕاوەستا تا پیاوەکەی گەیشتێو هەربەوئاهەنگەمەینەتی و ماخولیاییەی سەرەتای یەکتر دیتنەکەیانەوە پرسیی:

- ئایابەئارەزووەکانم دەگەم؟ ئایا بەڕاستی ئێوە ئەو جوامێرییە دەکەن کە دەستی منداڵەکانمم دەدەستم بنێن؟ ئاخ، دەترسێم پێش گەیشتنی ڕۆژێکی ئاوا توانام نەمابێ!

سەید میران بەتواناییەوە کوتی:

- دڵنیابە! دڵنیابە! لەژیانمدا کەمتر دەستم داوەتە کارێک و بەناهومێدی گەڕابمەوە؛ چونکە هەمیشە تەوەککولم بەخودا بووە. ئەو ئاواتە تەنیا لەڕوانگەی تۆوە کە هیچ نی بێجگە لە ژنێکی بێ وەسیلە و بێدەستەڵات، گەورە و دەکردن نەهاتووە. دووری چێشتووان هەموو ئاوان، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم هەر کە شەو بڕوا و بەیانی خۆر دەوشارەدا هەڵێ، هەمووشتێک بەبەختی تۆ هەڵدێ. بەرگ و باری ناهومێدی لەبەرخۆت داڕنە و لەجیاتی گریان و خەفەت خواردن بزەت بێتێ؛ من پێشقەدەمی کاری تۆم.

- ئەگەر نەمەوێ بچمەوە گوند؟

- جا باشتر، هەر لەوشارە دادەنیشی. ئایا ناتەوێ بۆ دەرس خوێندن بیان نێرییە مەدرەسەی؟ لە گوندەکەدا چ ئایندەیەکت بۆ ئەوان پێش بینی کردووە، گاوانی یا چیلکەوچاڵ کۆکردنەوە؟! ئایا خزموکەسانت، کە ئێستا هەواڵێکیان لەکارەکەت نییە یا لەبەرژەوەندییاندا نییە هەیانبێ، بەهەمان باشی و خۆشی کە تۆیان بۆماڵە مێردی بەڕێ کرد ئێستا پێشوازیت لێدەکەن؟

- مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر لەشاری بمێنمەوە دەتوانم بە کردنە پیشەی کارێکی وا کە لەدەستم بێ، بژیوێکی بخۆ و مەمرم هەبێ؟ ئاخر من دەزانم، ئەوپیاوە ئەگەر قایل بێ بە دانەوەی منداڵەکانیش، کەسێکی وانییە نەفەقەیان بگرێتە ئەستۆ؛ خوێڕیتر لەوەیە گوێی بەوکارەی ببزوێ. و ئەوە بۆمن، پاش هاتنەدەر لەماڵەکەی ئێستا کێشەیەکی ڕاستەقینەیە کە ناتوانم چاوپۆشیی لێ بکەم.

سەید میران پاش بێدەنگییەکی دووورودرێژ کوتی:

- ئەوکارەی تۆ دەیڵێی مەبەستت چ کارێکە؟ لە کۆمەڵگاو ژینگەیەکدا کە ئێمە تێیدادەژین، ژن یا دەبێ لە کونجی ماڵدا بمێنێتەوە یا ئەگەر دێتەدەرێ وەک شەیتانۆکە ماڵەکەشی بەپشتییەوەبێ و دەگەڵ خۆی بیهێنێ؛ هەردوو دەستی بەتوندی بە بەندی پەچە و چارشێوەکەیەوە بگرێ کە با هەڵی نەداتەوە و چاوی نامەحرەمی بەڕوخساری نەکەوێ؛ بەتایبەتیش ژنێکی گەنج و.... وەک ئێوە کە بۆ پاراستنی خۆی دەبێ لەسەت‌دەستی دیکەش یارمەتی‌وەرگرێ. خانمی‌خۆشەویست، ئەونووری ئیمان‌وئەخلاقەی دەبێ‌لەدڵەکانی‌ئێمەبدات و ڕاونینەکانمان پاڵێوراو، دەستەکانمان بێ تاوان، و هەنگاوەکانمان بێ هەڵخلیسکان بکا، هێشتا لە ئاسۆی ئێمە هەڵنەهاتووە کە ئێوە ئەو ئاواتە لە سینگی خۆتاندا پەروەردە بکەن. ئاخر ژنێکی لاواز و بێ داڵدە چ کارێکی دەکرێ لەدەست بێ؟! من لە بێدەنگیی قورسی خۆمدا، چاوێکم لە ڕۆژهەڵات، چاوێکم لە ڕۆژئاواکرد، هیچ کارێکم بێجگە لە مانەوە لەماڵێدا و پێڕاگەیشتن بە پەروەردەکردنی منداڵەکان بۆتۆ بەرچاو نەکەوت؛ هەروەها نەمدی ژنێکی لەڕیزەی تۆدا، بەهەرجۆرێک لەجۆرەکان لەکۆمەڵگادا سەرگەرمی کارێکی وەک ئی پیاوان بێ. ئەو وشانەی لەکوێ، چ کەسێک خستۆتە سەرزارت؟! ئایا دەتەوێ بنەماکانی کۆمەڵگا لێک هەڵوەشێنی؟ دەتەوێ بتبەن لەسەر تاتەشوار سەنگەسارت کەن؟ لەکاتێکدا کە لەبێکاریدا نرخی مرۆڤ لەچارەوێیەک کەمتربێ چ دەگا بەوەی مرۆڤ باسێک لە کاری ژن بکات.

هوما بەبێ‌وەڵامیی خۆی بەسەربابەتەکەداتێپەڕی؛ وەک ئەوەی نەیدەویست لەوکاتەدابیری خۆی‌تێکدابێ. وێدەچووکەبەهیچجۆر سەرنجی نەداوەتە قسەی پیاوەکەوزەنگی مەترسییەکەی؛ چونکە لەدۆخێکی بێ پێشەکی‌وبەشاییەکی منداڵانەوەو بەتەواوی لەڕووی بێئۆقرەییەوە کوتی:

- دڵنیاییی تۆ دڵگەرمم دەکا، خوایە لەزاری ببیسە! من کە باوەڕ ناکەم هەر بەوزووانە ئازادی و خۆشبەختیی خۆم وەدەست بێنمەوە.

سەید میران بە مێهرەبانییەکی فەرماندەرانە و مەردانەوە، کە جەوهەری زاتی بوو، دووبارە دڵگەرمیی پێدایەوە:

- لەهەر لایەنێکەوە ئارخەیان بە. ئەو گرفتانە بچووکتر لەوەن کە جێگای باس بن. تەنیا پێم بڵێ ئەوماڵە لەکوێیە، چییە، و چ جۆرە کەسانێک تێیدا دەژین. بۆ من هەر ئەوەندەی هەستم بە دڵبەندیت بە ژیانێکی پاک و دروستەوە کرد، بەسە تا دەگەڵ هەمووکەس لێم تێکنەچیی. تۆ ژنێکی بە گیانی ئازاد و سەربەخۆیی خواز، پێشکەوتوو و سەربزێو؛ کاتێک دەرگای حەوشەت لەسەر دادەخەن دەتەوێ چوار دیواری ماڵێ هەڵدڕێ و وەدەرکەوی؛ بەدگومانی و بەرچاوتەنگییەکانی مێردی پێشووت و بوونی هاودەمێکی دڵنەخوازی وەک خوشکەکەی لەماڵدا، لەماوەی چەند ساڵ ژیاندا، هەستەوەر و زووتۆری کردووی. بەڵام من پێتدەڵێم دەبێ ڕابووردوو لەبیرکەی. ئەگەر پێتوایە تووشی هەڵە یا تاوانێکی بچووک بووی، ئەوەش بزانە کە لەبنەڕەتدا سروشتی ئێمەی فەرخەکانی ئادەمە لە هەڵە بەدوور نەبین؛ بەڵام ئەگەر لە سەر هەڵەی خۆمان لاساری بکەین، ئەوکاتە وەک ئیبلیس شیاوی لەحنەتی ئەبەدیی خواین.

باسکی گرت تا لە قوڕ و لیتەی حەوزۆکەیەکی سازبوو لە ئاوی باران تێپەڕێ. پیاوێک بە بێچمی بەقاڵان، ئارەقچن لەسەر، چراتۆڕ بەدەستەوە لە ڕووبەڕوویان وەدەرکەوت کە ئاشنایەتیی دەگەڵ سەید میراندا هەبوو. هوما وەپێش کەوت و دووپیاو سڵاوو چاک و چۆنییەکی کورتیان کرد. پیاوەکە وەیزانی برادەرەکەی بەتەنێیە، بەگەرمی و پێداگری فەرمووی کرد بۆ ماڵە خۆیان کە بەڕواڵەت هەر لەونیزیکانە بوو. بۆ پاروویەک نان و پەنیری دەروێشانە خولقی کرد. بێگومان سەید میران نەیدەتوانی ئەو خولق کردنە قبووڵ بکات. پاش خوحافیزی، لەودەمەیدا کە لێک جیادەبوونەوە پیاوەکە بەدەنگی بەرز کوتی:

- بەشابارام، کە ئێستا دەبێ بۆخۆی بووبێتە نیوچەپیاوێک، بڵێ ئایا ئەو پووڵەی کۆ کردۆتەوە کە قەرەبووی ئەو کڵاوەی پێ بداتەوە لێی دەدۆڵێ هاویشتم؟ بێگومان لەبیری نەچۆتەوە، باسی عەتتاریی خوڕاسان دەکەم، کە ماشێنمان تێکچوو و دوو فرسەنگان لەقەڵاندۆشمان کرد.

سەیدمیران بەوپەڕی ڕووخۆشی وەڵامی داوە:

- خوای لێخۆشبێ مەشەدی نەورۆزعەلی؛ هاتنەپێشی ئەو بابابەتە هیچ شلوێ نەبوو؛ چ پیاوێکی نازەنین بوو؛ بۆوەی خۆی تێک نەدا کوتی بۆسەرم گەورەبوو.

دەنگی پیاوەکە بیسترا کە بایدەداوە نێو لا کۆڵانێک:

هەم،هەم، ئێمەش دەڕۆین، هەموو ئی ڕۆیشتنیین.

کاتێک سەید میران گەیشتە هوما، کوتی:

- ئەوکەسەی دیتت، هاوسەفەری خوڕاسانمان بوو.

ژنە بەشەرمنی بزەیەکی هاتێ:

کەواتە ئێوە مەشەدیشتان زیارەت کردووە، چ باشە!

- دووجار، هەر ئەوبەهارەی داشدێ، بۆجاری سێهەم بەتەمام، ئەگەر قسمەت بێ.

هوما کە جارجار لەپێشەوە و جارجار شانبەشانی سەیدمیران دەڕۆییو لەوماوەیەدا هەرگیز چاوی لە نووکی کەوشی خۆی نەچووبووە سەرتر، بەپێی خووی سروشتیی ژنانە، خۆی وەدواداو؛ لەهەمانکاتدا چارشێوەکەی لەسەرسەری ڕێکوپێک کرد، بەچاوی پڕ لە ئیشتیای زانینەوە ڕوانییە سەروشان و پشتی کڵاوی تا ببینێ پشتیوانە بەتوانا و بەورەکەی بەڕاستی چ پیاوێکە. هەستێکی گەرم و دڵگر کە وەک تاڤگە سەراپای وجوودیی ئاودا، کە بەبێ قسە نیشانەیەکی لە ئەمەگناسی تێدابوو. ئەخلاق و خووی ئەوپیاوە هەرچی بوو لەگەڵ حاجی بەننا، کە بەمایەی شوورەییی جیهانی بوونی دەزانی، جێگای پێکەوە هەڵسەنگاندن نەبوون. ئەوان بۆ وەی بەپێش تەکیەی "موعاوین"دا نەڕۆن، بەئاراستەی پێچەوانەی مەبەست، کە کۆڵانی پیشەسازی بوو، ڕێگای خۆیان خستە باریکەڕێی پشت گەرماو، کە تاریک و کەم هاتوچۆبوو. بۆپیاوێکی ناوبەدەرەوەی لەئاستی سەید میراندا، پیاسەدەگەڵ ژنێکی بێگانە لەکۆڵانولاکۆڵانەکانی شاردا، بێگومان کارێک نەبوو بەبێ ترس و نیگەرانی بکرێ؛ بەڵام شەوبوو و شەو پەردەی زۆر لە کردارە چاک و خراپەکانی مرۆڤانە. بێجگەلەوەش مەگەر ئەوەنەبوو دڵی پیاوە کاسبکارەکە بەئاگری چاکەکاری گەرم و بڵێسەداربوو؟ هەرئەوئاگرە بڵێسەدارەی ئەگەر ڕەنگی هەوەسی پێوەنەبێ مرۆڤی بچووک تا پلەی پێغەمبەرایەتی دەباتەسەر. ئەو بۆیەکەم جار لەتەمەنیخۆیدا لەگەڵ ژنێک بەرەوڕوودەبوو کە نەک هەر دامێنی پاکی، بەڵکو تەختەی دڵیشی هەر بەوڕادەی پاک و بریقەدار بوو کە ڕوخساری ڕەنگ پەڕیو و کچانەی؛ ئەوەندە پاک و برووسکەدار کە پڕشنگی ساف و ئاسمانییەکەی وەک تیشکێکی شاراوە دزەی دەکردە قووڵاییی دڵ؛ ژنێک بە ناسکیی چینی و پتەویی شمشێر، کە ئەخلاق و هەڵسوکەوتی لەوپەڕی بێئەزموونیدا بەئاوەزانەو لەوپەڕی ئازادی دا لەسەرەخۆ و پیاوانەبوو. لە جۆڵانەوەکانیدا شتێکی لە خولق و خوو و خدەی خوێڕییانە، بێپەروا، بەڵام لاسارخۆبەدەستەوەنەدەریقەرەجانی بەدیدەکرا. وەک ڕوخسارجوانانی بەدیلگیراو،

ڕوحی ترساو و هەڵوەدای ئازادی بوو. لە یەک وشەدا، ئەو لە زنجیرەی پێگەیشتنی ئافراندندا، وەو ماسییەباڵدارانە دەچوو کە بەنیازی هەڵفڕین لەسەر ڕووی دەریا کەوانە دەکەن دەبنە نێچیری ماسیخۆرەکان. هوما کوتی:

دەتەوێ بزانی لەوجێگایەی بۆیدێی دەگەڵ چ کەسێک بەرەوڕووی؟ بە وشەیەک پێتبڵێم، دەگەڵ ژنوپیاوێکی تەفرەباز و ئەفسوونکار، کە بەدڵ دەزانم ئەوە جادووی وان بووە منی کێشاوەتە ئەوماڵە. سەرەڕای هەموو ئەوەی کە بەڵێنەکەت منی دڵگەرم کردووە، دەترسێم ئەفسوونی ئەو پیاوە ڕای تۆ بگۆڕێ و لە بردنی من پەشیمانت کاتەوە. ئەو داوا دەکا لە کێشەی ئەو فڵانەکەسەدا، بێجگە لەو هەق و حیسابانەی داویەتە فەرمانبەرەکان و هێشتاش هەر دەیانداتێ، پووڵی داوەتە ئەو بەدبەختەش؛ ماری کتکیی بە زمڕووت کوێر کردووە تا قەڵافەتی شوومی لەو ئاقارەدا نیشان نەدا. ئەوداوایەی من نازانم چەندی ڕاستە؛ ئەوەی ڕاستە من بۆخۆم لە لە سێ مانگ و نیوی ڕابردوو بۆ خۆراک و پۆشاک و ئێزنگ و ڕەژیی زستانم تا ئێستا بیست و هەشت تمەنم پووڵ بەدەست لێ قەرزکردووە؛ ئەگەر کرێی فەرش و کەلوپەل و هۆدەکەشی بخەینەسەر خۆی لە سەت تمەن یا کەمێک زیاتر دەدات. سەت تمەن بێگومان پووڵێکی زۆرە؛ لەوانەیە بەشی خەرجی سەفەرێکی مەشەد، بۆ چوون و هاتنەوە، بەتەواوی دەربێنێ؛ بەڵام بۆ ئەوکەسەی مەردانە هاتۆتەپێش بۆ کڕین و دیسان ئازادکردنەوەی بەندەیەکی بێتاوان، چ گرنگییەکی هەیە؛ ئەو چاکانە لەلای خوا هەرگیز ون نابن. لەو سێ مانگ و نیوەی ڕابردوودا، من خراپترین ژیانم کردووە. سەرەڕای ئەوەی ژن و مێردی موتریب جارها پێشنیاریان کردووە دەگەڵیان ببمە یەک و دەستیان دەگەڵ دەقاپێکی نێم، بەرژەوەندیی خۆمم وەیدا دیوە قبووڵی نەکەم. هەردووکیان لە دوولاوە وەک هەزارپێ چوونەتە نێو گوێچکەکانم کە گۆیا خوداوەندی مەزن لەڕۆژی هەوەڵەوە منی بۆ پیشەی شەریفی سەماکاری ئافراندووە. پیاوەکە بۆ ئەوەی شووتیم وەبنهەنگڵێدا، بەتاریفی دووربینیمدا دەچێتەخوار و دەستخۆشیم لێ دەکا کە فریوی چاوی شین، مووی زەرد و وادەی پووچی پیاوی گۆرینم نەخواردووە و هەر جارەی هاتۆتەوێ تا نەرمم کا، بۆئەوەی تەنیانەبم، ژنیخاوەنماڵ یا کچەکەیم بانگکردووە، و ئەوەی کە بەشێوەی ژنێکی پیاوانە جوابم کردووە و لەخۆم دوورخستۆتەوە؛ دەڵێ ڕاستە کەئەوڕۆ خەڵک بەچاوی باش و پەسناوی ناڕواننە ژەنیاران و هونەرمەندان، بەتایبەتیش ئەگەر ژن بن؛ بەوجۆرەی شایانیهونەرە، ڕێزیان لێ ناگرن و هانیان نادەن؛ تا زیندوون لە تێکەڵاوی دەگەڵیان سڵ دەکەن و بەتایبەتیش کە مردن ناچنە بن دارمەیتەکەیان؛ ئەوانە هەموو ڕاستیگەلێک تاڵوناخۆشنکە بەداخەوە هەمیشەدەگەڵیاندا بەرەوڕووین؛ ئەگەر بەچاوی وردبین و ڕاستی بین لێی بکۆڵینەوە، دەبینین کە لەو بابەتەدا زیاترلەوەی تاوان لەئەستۆی واندابێ ئیخودی ئێمەیە. تەنانەت لەنێوخودی هاوکارانماندا ئەوقسەیە باوەکە سازودیمبەک واتە نانی بێشەرەفی؛ واتە کاسپی و کارێکی وا سەرەتاکەی نەهامەتی و سەرەنجامەکەشی پیسی و نابووتبوونە؛ نەدنیای هەیەونەقیامەت. بەدەستی خۆمان خۆ دەکێشینە نێو گەرداوی نزمی و زەلیلی؛ پلەی هونەریی خۆمان کە شەیارانی ڕوح و پەیکی شادین بە کارگەلی سووک و نەشیاو لیتاوی دەکەین. سەرەڕای ئەوەش چاوەڕوانین بارودۆخێکی لەوەی ئێستا باشترمان هەبێ. هەر باسی ئەوسەماکارانەی کەدێنەئێرە، بکەین؛ ئەوانە کەزۆربەیان دەتوانن ببنەجوانگەلی مایەدار و شیاو، بەدبەختانە پێش ئەوەی گوڵی هونەرولێهاتوویییان بپشکوێوشار و وڵاتێک بەبۆنی دڵگریخۆیان مەست و بێهۆش کەن دەزەلکاوی خۆفرۆشییەوە تلاون. خەیانەتیان کردووە بە هونەر و لێهاتوویی خۆیان و تەنانەت دەبێ بڵێم بەچاوەڕوانیوهیواکانی مرۆڤانەیخەڵک و لایەنگرانیان. جا کارمان بەوەی نییە کە مایەی فەساد زۆرتر دەخەڵکدایە کە هونەرپیشە بەلاڕێدادەبەن و هەرئەوەندەی تووشی خراپەیان کرد، دەست بەلووتیانەوە دەگرن و بەپەنا لەشی بۆگەنیوبوویدا تێدەپەڕن و ڕادەکەن. یا لە خودی واندا، کە لە ڕەوشتوڕەفتاردا هەرگیز چاو لەبەری ئەو پێیە ناکەن کە هەڵیدەگرن و دایدەنێنەوە؛ پێش ئەوەی بگەنە پلەی دووهەم لە پەیژەی ناوبانگ و شانازیی هونەری دەکەونە خوارێ. ئەوەی ڕوونە، هونەرپیشەی پیاو یا ژن، هەروەک نرخی پلەوپایەی ڕاستەقینەی خۆی لە کۆمەڵگادا دەناسێ، دەشزانێ کە ئەونرخ و پلە و پایەیە لە وجوودی ئەودا بە کانزایەکی جەوهەردار و فەسادهەڵنەگرەوە بەستراوەتەوە کە ناوەکەی داوێن پاکییە. ئەو داوێن پاکییە لە ژندا لەسەر تەوەرەی پارێزکاری و ڕەسەنایەتیی ئەخلاقی دەگەڕێ، وەک ئەو دارەیە پاڵەوانی سەرتەنافی لەسەر تەنافەکە ڕادەگرێ. ژنی هونەرپیشە لەوژینگە گەندەڵی هەڵگرەیدا کەدەوریداوە نەکهەردەبێ ماکێکی خۆشناو و ڕەسەن، بەڵکونموونەیەکی هەڵبژاردەبێ کە ئەگەر مێردومنداڵ یا هەرچەشنە بەندیوارییەکی دیکەیهەیە، زیاتر لە گشتیان ئەڤینداری هونەر و دڵبەندی کارەکەی خۆیەتی.

هوما بەدووکەڵی ئەو جغارەی هاوڕێیەکەی هەڵیکرد وەکۆخە کەوت و سەیدمیران کوتی:

- ئەوەی خراپ نەکوتووە؛ بەڵام لێرەدا قسەم دەگەڵی هەیە. ئایا دووکەڵی جغارەکە ناڕەحەتت دەکا؟

ئەوان پاش گەڕانێکی تاڕادەیەک درێژ، کە تەواوی کۆڵانولاکۆڵانەکانی گەڕەکی سەروچاوێی لەخۆگرتبوو، ئێستا گەیشتبوونە بن دارە گوێزی لێواری ئاوشۆران، چۆمی ڕەشی بەناوبانگی شارەکە، لە نیزیک کۆڵانی پیشەسازی. بۆئەوەی بتوانن بابەتەکانی خۆیان کوتبێ، هەنگاوەکانیان شل کردەوە. بێ ئەوەی ئاماژە و وتەیەک لەوبارەوە لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرابێ، بەسەرپردە دارینەکەدا گەڕانەوە لێواری ئەوبەری ئاوشۆران. ئاوی ڕەش و پیس بەویتەویتێکی بەشکۆ و لەسەرەخۆ ڕێگایدەبڕی. هەوابەباشی فێنک بوو، بایەکی نەرم دەهات کە بۆنی بارانی پێوەبوو. سەید میران بە چەند مژی لەسەریەک جغارەکەی نیوەنیوە کێشا، فڕێیدا و بەیانێکی ئاسوودەوە کوتی:

ئەونموونە هەڵبژاردەی ئەو دەیڵێ، قسەی من دێرەدایە، دەبێ نەعووزوبیللا کچی پێغەمبەر یا فریشتەی ئاسمانی بێ کە بتوانێ دەنێو ئەو خەڵکە نەدی بدییە و چاوی برسیی ئەو زەمانە و وڵاتەدا گوڵ بکا و لەڕێگا نەتلاسێ. نەک ئەوەی بڵێم کارهەرتایبەتە بەوزەمانەو وڵاتە، هەمیشەولەهەموو جێگایەکدا هەروابووە. هونەر لەڕوانگەی ئێمەوە کە موسوڵمانین، واتە کەیفونەهەنگ، واتە هەوەس و فریو؛ و دنیای هەوەس و فریو، و هاڕووت و باڕووتیشی کە فریشتەی نیزیکی دەرگای خوابوون لەڕێگای هەزاران ساڵەی تاعەت لادا. لەخۆڕا نییە پێغەمبەری ئێمە نەهیی لە مۆسیقا و سەما و بەگشتی کەیفونەهەنگ کردووە، کە پایە و مایەی گەندەڵین. بوونەوەرێکی وا وێنایی کە لەنێو لیتاودابێ و ڕەش هەڵنەگەڕێ دەبێ بلەزێر داڕێژرابێ.

هوما كه وەک منداڵێک خەفەتەکەی خۆی لەبیرچووبۆوە، لێی زیادکرد:

- ئەویش زێڕی بێخەوشی هەژدەعەیار؛ و ئەوە دروست هەر ئەو شتەیە من پێم کوتووە؛ پێم کوتووە من ئەگەر کەسێکی وابووم کە تۆ دەڵێی، مەردی حیسابی، لەوماڵە چم دەکرد؟ مەگەر ئەخلاق بەواتای ئاکامی کردەوە نییە؟ ژنی دروست و ئاکار باش لەکوێ، لایەنی گفتوگۆی – حاشایەکی حازری – مرۆڤێکی لۆتی و گەمژەی وەک تۆ بوون، لەکوێ؟ دەڵێ، نا،نا، ئەوقسەی مەکە؛ ئەگەر تۆ لەبارەی خۆت هەڵەت کردووە، من نەمکردوە. لە ژینگەی ئەوماڵەی بێسەرەوبەرەییی ژنانە و بێدەردی و بێعاری لە دەرکودیواری دەباریێ، ڕەفتارێکی وەها ئاوەزپەسەند و سەنگین و گران ، ئەویش لەلایەن بێوەژنی گەنج و بێ کۆت و زنجیری وەک تۆ، کاری هەمووکەس نییە. پاش ساڵها گەڕان بەشاردا و تەمەن بەفیڕۆدان، ئەوکەسەی لەئاسمانان لێیدەگەڕام، لەهەردی وەگیرم کەوتووە. پەیدابوونی تۆ وەک پڕشنگێک لەسەرتاریکی، ڕوحی دەماندە لەشی پەک کەوتووی من. و من دان بەڕاستییەکەی دادێنم، سەرەڕای ئەوەی دەزانم بۆ ئەو قسانە بەمن دەڵێ، جاروایە دەبینم بەپێچەوانەی ویستی خۆم فریوی ئەفسوونی ویم خواردووە. ئەوپیاوە کە گۆیا لە ڕۆژگاری گەنجەتیدا چەند ساڵێک لە ڕووسیە بووە، ڕۆژێ چوارمسقاڵ تریاک دەکێشێ، تاقەتی قسەکردن و تەنانەت چاوکردنەوە و دیتنی نییە؛ هەر وەک چۆن کوتم ئەفسوونکارێکی سەیروسەمەرەیە. هەموو جێگایەکی خستۆتە ژێرپێی خۆی، سنوور و خەڵکی جۆراوجۆری دیون و لە هەرکەس و هەرجێگایەک شتێک فێربووە. دەگەڵ دەستەی سەماکارانی قەفقازی و بالێتبازانی ئەو وڵاتە بۆ شانۆ چووەتە پێتێرزبۆرگ و مۆسکۆ. وەک شەهرزادی هەزارویەک شەو، چیرۆکی وا دەڵێ کە دەتوانێ چەندمانگان عیزرائیلی لە بەردەرگا دەچاوەڕوانیدا ڕابگرێ و پێش بە فەرمانە پڕلە پەرپرسیارەتییەکەی لەسەر زەوی بگرێ. دەڵێ چاو لەمن مەکە خەفەتی ڕۆژگار هۆقەی وافووری داوەتەدەستم؛ ئەگەر شەڕێک ڕووی نەدابوو و گەردەلوولی ڕووداوان وەک پەڕەکایەک لە ناوەندی بوون و هونەری خۆم دووری نەخستبوومەوە، لەو سەرزەمینەی کار و کردارگەلی مەزندا، ئەوڕۆ لە دوایین پلەی ناوبانگ و شانازیدا بووم کە شایانی بووم. بۆ ئەوەی بۆم هاتۆتەپێش بەداخ نیم؛ ئاواتوهیواکانم لەژێر کۆگایەکی ڕووداوان، گرفتاریگەلی پووچ و تێپەڕینی زەمان دەچاڵ نراون، ساڵەهایە حەول دەدەم ئەو ڕۆژگارە لەیادی خۆمدا بەبای فەرامۆشی بسپێرم. لە دووکەڵ و تەنیایی و ئەوئاهەنگانەی بۆڕوحی خۆم لێیان دەدەم، بۆ دڵنەوایی خۆم کەلکوەردەگرم. ئاخر من تامیشانازییهونەرێکم نەچێشتبوو و دەبوو تا ئەوڕۆژەی گیانم دەلەشدایە بەوشەڕابەی بەهەشتییە مەست بم.

سەیدمیران چووە نێو قسەکانی و بەگاڵتەجاڕی کوتی:

- شەرابی بەهەشتیی چێشتووە بۆیە ئاوا نوتقی کراوەتەوە.

- ئا، بۆ وکەرکردنی من. قسەکانی لە جیهانێکی وا بە جەزبە و تامەزرۆیی ڕا دەهاتەدەر کە بەڕاستی دەتکوت من بەختی ڕەوەکی وی یا ئیلهامی لەدەستچووی هونەرییەکەی بوومە و دۆزیمییەتەوە. دەڵێ، من هەق بەتۆ دەدەم کە دڵت لەکاری من غەوری بگرێ، قسەکانم بە سەرخۆشیی دووکەڵوفڕینی خەیاڵ لێکدەیەوە؛ چونکە بۆتۆ و ئەو پلەبەرز و خۆشەویستەی هونەرمەندێکی لێهاتوو و بەڕێز دەتوانی وەدەستی بێنێ، دە وێناکردن نایە. تۆ چاوت بە ڕەفتاری سووک و بێسەرەوبەرە و چارەنووسی ڕەش و بەبێ شانازیی ئەو سەماکارانە دەکەوێ و لەداهاتوویخۆت دەترسێی. ئەوسەماکارانە – باشترینیان دەڵێم – ئەگەر بەباری مایەی هونەری، پێگەیشتوویی جۆڵانەوەکان و چۆنیەتییەکان، یا تەنیا هەر لێهاتووییە سەرەتاییەکەیاندا بتوانن پێ لەجێی پێ تودانێن، هەرگیز نابنە خاوەنی ئەو گەوهەری لێزانییەی لە وجوودی تۆدا دەدرەوشێتەوە. ئەگەر هونەر گوڵە، پاکدامێنی ئاوێکە دەبنی دەکەن.

نازانم چڕازێکە کەئەوهەمیشە بەودەرگایەدادێتەژوور. پێ لەسەر پاکدامێنیوزانایی من دادەگرێ. سێمانگیتەواوە بەلەسەرەخۆییەکی سەرسووڕهێنەر چیرۆکی درێژ بەبن گوێچکەمدا دەخوێنی کەبەڵکو منبخزێنێتە نێودەستەی خۆی. سەرەڕای ئەوەی ڕۆژان، ئەوکاتەی ژن و کچەکەشی لێرەن، فێرم دەکا و هەرگیز جوڵەیەکی وا کە نیشانەیەکی نالەباری تێدابێ لەبەرچاوی ئەوی یا ژنەکەی لەمن ڕووی نەداوە. بەبێمەیلی و بێزارییە دەروونییەکەمی لە سەرتاپای قسەکان و کاری خۆیدا زانیوە. ئەو پیاوە بێ هێز و بزاوە کە ئەوەندە چووک بۆتەوە دەلوولەی وافوورەوە بچێ و لەسەر هۆقەکەی بنیشێ. وەک شەیتانۆکە دنیای بێجگە لەکونێکی تەنگ بەهیچ کوێی دیکەدا ناتوانێ ببینێ. بەڵام تا دەتەوێ فێڵەباز و ئاوری بن کایە، نەرمەبڕ و ئاش وێرانکەر، تابڵێی زیرەکوبێچاوڕوویە. هەردەڵەی جگی سواوە[*1].
بەجوانی دەزانێ لەپشی نێوچاوانی مندا چ دەگوزەرێ. دەترسێ پێشئەوەی بتوانێ ئەمن وەک ئەستێرەی دەستەی خۆی بێنێتەسەرشانۆ و چاوانی وەک دەڵێ پێ زەق کا، لەدەستی هەڵاتبم. بەڕێگای جۆراوجۆر دەیەوێ دڵمنەرم کا. پێی دوو لەشاگردانی لەوێ بڕی کە ئاگایان لەکردار و ڕەفتاری خۆیان نەبوو. گەورەترین باری سەرنجی ئەوەیە کە هیچکام لە دۆستان یا هاوکارانی بە بوونی من لەوماڵە نەزانن. ڕۆژێکی یەکێک لەوان بێ خەبەر هاتە ماڵێ و من سەرگەرمی فێربوونی کوتێک لە سەمایەکی قەفقازی بووم، بەئاماژەی وی لەپشت پەردەی دیوەکە خۆم شاردەوە و تا پیاوەکە نەڕۆیی، واتە دەوری نیو سەعات، هەر لەوێ زیندانی بووم و لەداخان قاپێک گێوژم تا دوا دەنکی خوارد، کە لەوێ دانرابوو. وەک شەریعەتمەدار و حاجییان، کچ و ژنەکەی خۆی ئامۆژگاری کردوون نەیەڵن بەتەنێ لەماڵی بچمەدەر. وەک ئەوەی خۆراکی دڵخوازی خۆی لێنابێ و تەنیا چێشتەخۆشەکەی و دوایە خورانەکەی و شوکری خودا کردنەکەی مابێ. بە ئینجەوفینجە تەواوی نەخشەکانی داهاتووی خۆی بۆمن دەهێنا گۆڕێ و ئاوای بەگوێدا دەخوێندم:

- ئێرە خاکی کەیفبزوێنی خەسرەو و باربەدە ڕۆڵە. کرماشانییان خەڵکێکیخوێنگەرم، ئەهلی دڵوهونەردۆستن. تەنیاعەیبێک کەهەیانە ئەوەیە برینەکانی ئەخلاقی خەڵکیدی، هەرچەند لەخۆشیاندا بەتەواویهەبێ، بێبەزەییانە خوێڕژێن دەکەن. چاویان بەچێژەکانی ژیان، جوانیگەل و هونەر دەردەپەڕێ؛ بە سۆز و ئیشتیای زۆر دەوری هونەرمەند دەدەن؛ بەڵام چاوەڕوانیی خواییان لێ هەن. بەسووکی لە بێمایەیی دەڕوانن. بەچووکترین خەوشی ئەخلاقی یا هەڵەی مرۆڤ ڕادەچڵەکێن و لەدەوری بڵاوەی دەکەن. لەبواری سیاسەت و دینیشدا

هەر وان؛ وەک ئاوێزەی کاتژمێر جار لەو جەمسەرەو جار لەجەمسەرەکەی دیکەن، وەک تەورێزییان پاکپەرستن، بەڵام بەپێچەوانەی وان زوو دێنوزوودەڕۆن. لەیەک وشەدا، خەڵکانێکن خۆشپێشواز و بەخراپی بەڕێکەر، کەبۆخۆشیان دان بەوقسەیدا دێنن. سەرەڕای ئەوانە، من لەنێوان هەموو شارە گەورەو گچکەکانی ئێراندا، کۆن یا نوێ، ئەو ناوچەم بۆ کاری خۆم هەڵبژاردووە؛ واتە، ئەگەر باشتر بڵێم، ئەو ناوچە بوو کە وەک دڕوو بەدامێنمەوەنووسا و دایمەزراندم. سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی تریاکی، پڕخەرج، بێئاوەز لە بابەتی بژیودا، لەماوەی پێنج ساڵ مانەوە لەوشارەدا، کۆختەیەکم بۆخۆم دەستەبەرکردووە؛ کچەکەمم بەجیازێکیباشەوە بەشوودا‌وەو خۆشبەختم کردووە. هونەرمەندێکی مامۆستاموپەنجەی ڕەنگینم وانییەپێویستیی بەپێهەڵاکوتنبێ. لەجەژنگەلیئابڕوومەندوبەزمگەلی دەوڵەمەندانەی شاردا هەمیشە لە دووجێگا، دووجێگادا بانگ کراوم. بەڵام پێت بڵێم، هەرگیز کارم بەوجۆرەی بۆخۆم ویستوومە دڵخواز نەبووە. هونەر ئەگەر ئاوێتەی ئەوپەڕیجوانیی یەکدەستوڕاستینەبێ، هونەرنییە، بەوتەی برادەرێکی کرماشانی چونەرە کەبریتییەلەهەمان چەوەندەر. لەهەموو ئەوماوەیدا هەرگیزنەمتوانیوە سەماکارێکی بەتەواوی شیاو، لەگەڵ ئەوپەڕی هونەرمەندیدا، مەند و داوێن پاکیش وەدەست بێنم. پایزیڕابووردوو لەداوەتیشایانەی دوکتۆرفەڕروخ، کوڕی فەڕەنگدیتووی موقبیلوددەولە، بانگکرابووم، سەرتاپام ئازیەتی دایگرتبوو کە لەنێوان ئەوهەموو ژنانە کامەیان هەڵبژێرم کە شایانی کۆڕێکی گەورەی وەها بێ و خوا پێی خۆش بێ. هەرچەندە ڕاستە کەوشە کۆنێکیش لەبیاباندا نیعمەتیخوایە، بەڵام من بەوپەڕیپەژاتەوە دەبێبڵێم سەرەنجام ئەوڕۆژە چاوم لەبردنیژن پۆشێ. تاڵانیکەم ئابڕووی پەنجەی خۆمم پاراستبێ. ئەمن پێش ئەوەی تۆ ببینم وەک دۆدۆن شای پیر و بەربەڵا، بەسەر مەیتی منداڵانی خۆمدا کە تارو تەنبوورە شکاوەکەم بن، ئازیەتبارو‌پەرێشانبووم؛ تۆ ئەو مانڕوخسارە شیرن ڕەفتارەی سەرت لە تاوڵ وەدەرنا و منت بە ئاوازی دڵگرت مەستی شەیداییەکانی زەمینی کرد.[1] بەدیتنی تۆ من تەنانەت دەردەکانی لەشی خۆمم لەبیربردەوە.

ئەوە ڕێک قسەکانی وین کە بۆتۆی دەڵێمەوە. ئەو من بەگەنگێکی باهێناو دەزانێ کەخواوەندی عالەم ناردوویەتە دەرگای ئەو. قسەگەلی دڵگر، دانپڕژاندنو حەزوتیفتیفەدانەکانی تەنانەت منی خستەگومانەوە نەکا سەروبنیبابەتەکەی گۆرین پیلانگێڕییەکی لێزانانە بووبێ بۆ دەداوخستنی من؛ چونکە پیاوەکە بۆخۆی دەڵێ لە میوانییەکی تایبەتیدا سەمای منی دیتووە و بەتوندی سەرسامی بووە. پێم دەڵێ، ئەگەر هەر لەو داوەتەی دوکتور فەڕروخدا لەگەڵ من دەبووی، دەمتوانی بەژمارەی کەسانی بەشداری داوەتەکە، کە هەموو دەوڵەمەندان و پایەبەرزانی پلە یەکەمی شار بوون، پووڵی قاقەزی پشت سەوز یا سکەی زێڕ وەدەست بێنم. خەڵکی ئەو ناوچەی، لەجێگای خۆیدا بۆ هەڵڕشتنی پووڵ سەریان پێوەنییە. تەنیا دەبێ ڕێگاکەیان پێ نیشان بدەن. دەگەڵ ئەوەشدا وەبیرت دێنمەوە ڕۆڵە، کە پووڵ هاوسەنگی پارێزکارینییە، هاوشەڕیەتی. ئەگەر هونەرەکەت خۆشدەوێ دەبێ خاوەنیچەکی ڕەسەنایەتیوپارێزکاریی هەرگیز لێوەرنەگیرییەوە. هەر وەک چۆن موحەڕڕەم مانگی ڕاستەقینەی شاییی ڕەوزەخوێنان و شینی ئێمە موتریبانە. خاکەڕاییی تێکەڵاو بە سستی، دوژمنی گیانی ژنانە. نیگای چاوەکانت دەبێ ئەوخوایەبێ کەهیچکەسنەیدیوە. خۆ لەچاوی پاکوپیس وەکیەک بپارێزە. تەنیا بزە بۆهونەرەکەت بکە. هێندێکیش بەهێندنەگروساردوسڕبە؛ ئەو کیژوژنانەی لەبازاڕی داگیرکردنیدڵاندا ئەوکووتاڵەیان هێناوە، هەرگیز لەکاری خۆیاندا زیانیان نەدیوە. لەگەمەی ئەڤیندا، وەک شێر بە نێچیرێک قایل مەبە. گەنجینە بە، بەڵام بە پارێزکاری و داوێنپاکی مارێکی لەسەردانێ. و سەرتان دێشێنم؛ قسەکانی ئەوپیاوە زمانبازە، جاری وایە وای گرتووم کە دێتەپێش چاوانم، لەهەمان کاتدا کەدیمەنی ڕەنگ بزڕکاوی ئەوەی کە خەریکم لە پانتاییی فەرش کراوی حەوشەیەکدا هونەر دەنوێنم و خەڵک بە قریوەقریو لەگەڵ پەڕەگوڵان سکەی زەردوسپی بەسەرمدا هەڵداوێن. ئەو بە وەستایی و تەڕدەستیی چاوبەستان، دەرگای باغێکی لە جلوبەرگی بەنرخ و ڕەنگاوڕەنگی پێویست بۆ کاری سەماکارن، بەڕوومدا دەکاتەوە کە بۆنی گوڵەکانی بە لووتی گیان هەست پێدەکەم. وەک ئەوانەی کە لەبەر خۆشییی زۆر تووشی وڕێنە بوونە، دەدنیای وێناییدا خەڵخاڵگەلی زێو، دامێنی گنجداری زێڕدرووکراو و نیوتانجی ئەڵماسم بۆ دەکڕێ.

سەیدمیران خوارەوخوار، بەڵام دڵخۆشانە دەچاوە گەورەو ڕوونەکانییەوەڕوانی، کە بە ڕوونیی چاوەی هەتاوبوون و بۆ ساکاری و ڕاشکاویی بەیانەکەی بزەی هاتێ:

- خراپ نییە، کەوابوو ترس و پەژارەت لەچییە ئەو تریاکییە پیسە بە چ لێزانییەکەوە ڕێگای بۆ خۆشکردووی!

- ئای مەڵێ! مەڵێ!

سەیدمیران دەمێک لە ڕۆیشتن وەستا، چاوەکانی دۆستانە و خچووک بوونەوە و پرسیی:

- ڕاوەستێ بزانم، لەقسەکانت ڕا واتێدەگەم کە ئەوکەسە هەر حوسێنخانی دیمبەکلێدەر، تارلێدەری بەناوبانگ بێ. مرۆڤێکی باڵابەرزی ئێشکوڕەقوسمێڵ باریکە کە بەگڕنی قسەدەکا و ڕیشی بەتیخ دەتاشێ. کڕاوات یا پاپیۆن لێدەداوزۆرینەی کاتیش سەرخۆشە. سەرتابەری قەڵافەتی وەماسییدووکەڵاوی دەچێ. هیچنەبێ تەمەنی بەئاسانی دەکرێ بە شێست و پێنج ساڵ وەرگرین؛ و لەوانەشە دووکەڵ و ئەڵکۆڵ پیریکردبێ. قۆمرغانەیقاوەخانەی ژێرسەکۆیە. دووکانۆکەیەکیشی لەحۆریاواهەیە، ڕۆژانەسەحاتێک دەیکاتەوەوخەریکی چاکردنەوەی ئامێرگەلی مۆسیقا دەبێ. من ئەومرۆڤە دەناسم. سێساڵ پێش ئێستا، لەجێژنێکی سوننەتکردندا کەبۆمنداڵەکانم گرتبوو، بانگم کرد. دوو سەماکاری ئاکارشیرنوگەنجی دەگەڵبوون کەدەیانکوت خوشکن. من لەبیرمە ناوییەکێکیان بەدری بوو. هم! هم! ئەلهەق ئەگەر ئەوانە پەروەردەی دەستی وی بووبن، هەرچەندی باسی مشووری خۆی کردبێ، کەمی کوتووە. هەرئەو بەدرییە بوو کە وێنەی گوڵی پێدابوو.

*١- نووسەر دەڵێ: (از آن قاپهای قمارخانه ایست که شیطان را خاکسترنشین میکند) واتە لەو جگانەی گەنجەفەخانەیە کە شەیتانی تووشی نابووتی دەکا، من هاوسەنگە کوردییەکەم داناوە.

١- ئاماژەی ئەوپیاوە بەو کەڵەشێرە زێڕینەیە کە یەکەم جار لە ١٩٠٩ لە ئۆپێرای مۆسکۆدا نیشان درا.

بەڕاستی کاتێک لەجێگای خۆی بەبێجووڵە دەماوە یا لە شنەیەکی وێناییدا بۆ چەپ‌وڕاست شەپۆلی‌دەدا مرۆڤ دەگەڵ گوڵی ڕاستەقینەی بیابانێ لێی دەگۆڕا. بەڕێگای جووڵە و بزووتنێکی وەبەرچاوخەری شادی و گەشانەوە بوو کە ئەو دووخوشکانەقریوەقریوێکی وەهایان دەکۆڕەکە خستبوو کە هەموو پێی مەست ببوون. دووڕۆژ دواتریش دیسان هەر ئەو حوسێن خانەم بۆ جەژنی سوننەتکردنی منداڵەکانی دراوسێمان بانگ کرد. ئەوجار خوشکە چووکەکەی، کە ناوەکەی لەسەری زمانمە، سەمای پەچەی کرد کە تانەلێدانی حیجاب بوو. و من لەوکاتەڕا زانیم ئەوپیاوە هەروەها دەبێ کەسێکی مێشکدار بێ.

هوما بەبیستنی ئەوبابەتە، بەجۆرێک خەم‌وتاوی ژنانە کە نیشانەی ناڕەحەتیی وی‌بوو، لەبن‌چارشێودا خۆی‌بڕێک‌کشاندەوەو بەمنجەمنج کوتی:

بەدری خوشکی گەورەیە کە هێشتا دەدەستەی‌ویدایە. لەمێردەکەی کە دووساڵەمردووە منداڵێکی هەیە کە لەڕێگای هەرئەوسەماکردنەوە بژیوەکەی دەردێنێ. وەی کە ژیان بۆوی چەند دژوارە! بەڵام بۆخۆی گوێی ناداتێ. خوشکە بچووکەکەی وادیارە مێردی کردووەو چۆتە ئەهوازێ. بەدری‌خراپ‌سەماناکات. بەڵام حوسێنخان لێێ ڕازی‌نییە؛ دەڵێ لەکاتی هێندێک‌جۆڵانەوەدا هەردەڵێی‌دەست‌وپێی بەستراونەوە؛ سەماکەی دەگەڵ مرۆڤ نادوێن. هەڵبەت سەمای منیش بەبێ ئیراد نازانێ؛ دەڵێ جۆڵانەوەکانی تۆ لەڕووی بێئۆقرەیی‌وپەلەپەلە؛ دەڵەی بەپەلەی تەواوی کەی و بۆی دانیشی؛ هەر ئەو پەلەپەلە، کەدوژمنی هونەرە، زووماندووت‌دەکا. بەڵام سەمای تۆ دڵڕفێنی‌وکەیفی تێدایە؛ دڵنیایی و خەونی تێدایە؛ گەرماوپشکووتوویی تێدایە. شتێک لەپشت جۆڵانەوەکانی تۆ دایە کە وەک کۆکایین هۆش و بزووتن لەمرۆڤ دەستێنێ؛ و ئەوە هەرئەوسرووەدە خواییەی هونەرە کەپەیوەندییەکی بە هەوەس و شاوەتەوە نییە. دنیای تۆ دنیای خەمان و نیگەرانییان، دوژمنایەتییان و خۆپەرستییان و تەنانەت دەمەوێ بوێرم بڵێم، برسییایەتییان وەلادەنێ و وەک هەورێکی سووک لەسەرەوەی هەمووی ئەوانەوە دەوێستێ؛ چونکە جۆڵانەوەکەت لە خۆپەرستی بەتاڵە؛ جەوهەری وێناکراوی هونەرە. لێزانی و ئاهەنگ و هەڵبەستی‌سەعدی، ئاوێتەی جۆڵانەوەکانی تۆن، کە ئەڤینداری هەتاهەتاییی هونەروئافراندەری تاقانەی جوانی و نەرمونیانی بوو و تۆخودی نەرمی‌ونیانیی؛ کاتێ سەمادەکەی بۆخۆشت دەچییە نێو جەزبەی هونەرەکەت. و ڕەمزی کارەکەی تۆش هەر لەو تاقە نوکتەیەدا شاراوەتەوە. — جۆرێ ڕۆیشتنی سەیروسەمەرە و تاڕادەیەک پێکەنیناویی فێرکردووم کە پێیەکان دەبێ وەک خاچ دانێم و بە شەپۆلی ئەژنۆیان بچمەپێش. دەڵێ تائێستا هیچ شاگردێک نەیتوانیو فێری ئەوسەمایەبێ؛ چونکە لەیەک کاتدا دەبێ چەندین جۆڵە وێکڕا بکرێن. هەر ئێستا فێری سەمایەک دەبم کە تێکەڵاوێکە لە تورکی و کوردی؛ گێڕانەوەیەکی بە ئاواز هەیە کە کچەکەی لەجیاتی من دەیڵێ. سەماکانی وی، وەک خۆشتان دیتووتانن، هەمووی نوێکارانەن؛ شتێکی لە ئیشتیا و بیرکردنەوە لەپشتە کە بینەر سەسام دەکا؛ ئەگەریش لاساییکارانەبێ، بۆ ئێمە کە نەماندیون تازە و تازەبابەتن. ئەو دەیەوێ بە بردنی من بۆ نێو دەستەی خۆی، ئەوخاڵە نەناسراوە بخاتە بەرچاو و نیشتمانی دووهەمی هونەرناسان جیهان. بەڵێ من، هەر ئەومنەی دەمبینی و بە زەلیلی باری بەدبەختیمم هێناوەتە پێش ئێوە. ئەوپیاوە بە قسەگەلێکی وا کە سەرتاپایان دەسکە سەوزییەک ناهێنن، منی وا گەورەکردۆتەوە، کە تەنانەت بۆخۆشم لێم گۆڕاوە.

سەیدمیران بە زەیەکی تاڵەوە چووە نێو قسەکانی:

- حافز لەجامەکەیدا وێنەی ڕووی یاری دیوە و ئەوپیاوە لە بوونی تۆدا سکەی زێڕ. لەوانەشە من بەهەڵە چووبم؛ بەندەناس خودایە. لەوەداکە مایەو شیاوییەکی لەتۆدا بەدی کردووە و دەیەوێ پەروەردەی بکات، قسەیەکم نییە؛ هەرشتێک لێهاتووییەکی دەوێ.

- تاڕادەیەک وایە، بەلام هەروەک دەڵێن، ئەو پێش ئەوەی لەبیری مندابێت، دەبیری ئەوکیسە فشانەدایە کە شەووڕۆژ خەریکە لەپووڵ دایاندەدروێ. زۆرتر ئەهلی خەون و خەیاڵە تا کار و کردەوە. لە قسەکانی خۆیدا، هەروەک لەنێو ئەکەسانەدا باوە، لەڕادەبەدەر پێوەی دەنێ. کایەک بەکێوێک دەبینێ و بە هەنگاوی فەرسەنگی لە یەک دەم دا زەمین و زەمان دەپێوێ. کە وێژنگەکەی دەپچڕێ دەبینێ هەر لەوجێگایەیە کە لێی بووە. قسەگەلێک دەکا بەڕاستی بۆباوەڕپێکردن نابێ؛ ئەو بالێت بازانەی ئە دەنێویاندا بووە، هەرکامەیان لە منداڵی، واتە لەتەمەنی چوارپێنج ساڵییەوە کە نەرمە و ڕووەو هەڵدانە، دەستیان بەکار کردووە؛ ماوەی دە تا دوازدەساڵان بەپێی لێهاتوویی، تەنیا دەرسگەلی نەرمبوونەوەفێربوونە؛ زۆرلەوان کە نەیانتوانیوە دەورەکە تەواوکەن؛ یا بۆخۆیان ماندووبوونەوکشاونەوە یا کشاندوویاننەوە. ئەوقسانە بۆمن شیاوی‌تێگەیشتن‌نین.منداڵان بەقالبەشەمچەیەک گەورەترین‌گەمیە سازدەکەن، کەلەمێشکی هیچ پیشەسازێکدا نەگونجاوە و ناش گونجێ، ولەدنیای‌وێنادا دەدریالووشاندا ڕەهایان‌دەکەن؛ ئەویش بەبوونی‌من، منێکی‌تەنیا، دەیەوێ‌بالێتی‌نەبوو لەئێراندا زیندووکاتەوە. قسەکانی‌من لەوانەیە بۆنی جۆرێک لەبەخۆ هەڵاکوتن‌بدەن؛ بەڵام پێتان‌دەڵێم کەمەبەستی‌من ڕوونکردنەوەی‌ڕاستییە. وهۆکارێکیش نییە بەدواتاندا بێم تا بەخۆم هەڵابڵێم. بێجگەلەوەش، لەوپێهەڵاکوتنانە کە بەزیانی منن، چم پێدەگا؟ ئەوەندەی من بزانم سەردەمی ئێمە هێشتا ئەو ئۆینانە پەسند ناکا. ئێوەش کە بەئەدەب و بێدەنگییەکی تەواوەوە گوێتان بۆ ئەوهەموو درێژدادڕییانە ڕاگرت، بەدڵنیاییەوە لەدڵی خۆتاندا پێم پێدەکەنن؛ یا بۆم بەداخ دەبن کە ئەوە چ جۆرە بوونەوەرێکە. سەرەڕای هەمووئەوانە دەبێ دان بەوەدا بنێم، کە هەروەک حوسێن‌خان تێگەیشتووە من بەڕاستی شەیدای هونەرم. ڕەنگە ئەگەر ئەو هەستەوەرییەم نەبوایە تا کۆتایی تەمنم دەگەڵ خراپییەکانی مێردەکەم سازابام و لەماڵەکەی مابامەوە. با ئەو ڕازەی حاجی پێنج ساڵی تەواو پێی نەزانی بەئێوەی بڵێم: ئەو باوک و دایکەی باسم کردن، دایک و باوکی ڕاستیم نەبوون، ئەوان لەتەمەنی چوارساڵیدا بەبایی سەت‌تمەن گەنم لە قەرەچییانیان کڕیبووم؛ شەیدای سەماکانم ببوون. لە دەساڵیدا ناوبانگم لە سەماکردندا گەیشتبووە ئەو ڕادەی لە کاتی بووک گواستنەوەدا لە گوندە دووردەستەکان ڕا بە کەژاوەی سەرپشتی‌وڵاخ‌دەهاتن دەیانبردم؛ هەر دەتکوت بووکی ڕاستەقینە من بووم. پێش ئەوەی خۆم بناسم بووکی دڵی سەتان کوردی سوارچاک و بلوێربەزێن بووم؛ سەرەڕای ئەوەش باوکی پەیمانیم بەباشتری زانی من بداتە شارەیی‌یەکی بێناوونیشان، کە بەهەڵکەوت ڕێگای کەوتبووە ئەو گوندە، تا ژیانمی لە ئاژاوە و فیتنەکانی چاوەڕوان کراو ڕزگار کردبێ. لەماڵە حاجیش کە بووم، هەمووکەس دەیانزانی

باش سەمادەکەم. هەر مارەبڕان یا داوەتێک دەهاتەپێش یەکەم کارتی لێگێڕانەوە ئی من بوو، کە خودی میواندار بەدەستی خۆی و بە هەزاران منەت وپاڕانەوە دەیهێنابەردەرگای ماڵمان. من بەسادەیی ئەو بانگهێشتنانەم قبووڵ دەکرد، چونکە پێش هەمووشتێک بۆ کۆڕی ژنانەبوو و دوایەش ئەوەی کەبۆخۆم ئیشتیام لێبوو؛ بەڵام مێردەکەم لەبەر ئەوسەگ سیفەتییە بێهۆیەی هەیبوو،و بۆئەوەی فەرمانڕەواییی خۆی بەسەرمندا بسەلمێنێ، نەک هەر ڕێگای چوونی پێنەدەدام، بەڵکو لەترسی سەرەڕۆیی لە سندووقخانەی هۆدەدا دەبەستمەوە. بارێ، لە کۆڕەکانی ڕاهێنانی حوسێنخاندا، ژنەکەی دیمبەک و کچەکەی دەفەی بەزریزەی لێدەدا. ئەو دەنگە سێحراوییەی لە بن شکافەکانی خۆی دێنەدەر، گیان دەبەخشێتە کوچک و وەجۆڵەی دەخات جا چ دەگا بەمرۆڤ. کەدەڵێداندا گەرم دادێ سەری دادەخا، چاولەهیچناکا، سەرەڕای ئەوەش چووکترین وردەکارییەکانی جۆڵانەوەی سەماکار دەبینێ و دەگەڵی دێتەوە؛ و ئەوە لە کەشف و کەڕامات یا ئەفسوونی ئەو تەنیا عالەمەیە، کە ئەو ڕێی تێیکەوتووە و سەماکاریشی دەگەڵ خۆیدا بۆوێ ڕاکێشاوە. بەهەمووی ئەوانەشەوە، من شەرەف و ناموسی خۆمم لەهەمووشتێک خۆشتر دەوێ. وەک ئێوە دەڵێن ئەو بوونەوەرە وێناییەی لە لیتاودا بێ و ڕەش هەنەگەڕێ دەبێ لە زێڕی بێخەوش داڕێژرابێ، کە من ئەویش نیم.

سەید میران هەروەها کە شان بە شانی یەکتر دەڕۆیشتن، ئانیشکی لەباسکیدا و بەبن لێوانەوە کوتی:

- خاکەڕایی دەکەن، من بە زێوبوونەوە قبووڵت دەکەم. ئەو زێوەی هەموو زێڕەکانی کانگەلی ئافریقا و ڕووسییە هاوسەنگی نین. ژنە بێ ئیختیار لەو پێهەڵاکوتنە بێخەوش و ڕاستەقینەیە سوێی بزووت، بۆ ئەوەی بۆخۆشی لە سپیبوونی ئەنامیدا گومانێکی نەبێ دەستی، کە لەسەرەوەی بازنەکان ڕا ڕووت بوو، نیشاندا و کوتی:

- بەڵام چ سوود، ژن دەبێ بەختی سپی بێ. خوا خێر نەهێنێتە سەر ڕێگای ئەوەی لە ڕۆژی یەکەم و سەرەتادا منی خستە داوی ئەو پیسکە نالەبارە. ئاخ چەند خۆش بوو لەدەستی ئاسوودەبووم.

هوما بێدەنگ بوو. قسەکەی دوایەی نەزانراوی بیری سەیدمیرانی زۆرتر شێواند. ئایا بەڕاسی ئەوژنە ئەو پێشەکییەی بەنەخشەیەکی حیساب کراو و لەڕووی ناچاری دانەڕشتبوو تا خوی بەسەرویدا ببڕێ؟ بە شک و گومانەوە چاوی لە ڕوخسارە سپییەکەی کرد، کە لە تاریکایی کۆڵاندا وەک بلووری شەونما دەدرەوشاوە، حەسرەت و بێئاسۆیییەکی تەواو شەپۆلی لەسەری دەدا. پاش هەڵگرتنی چەند هەنگاوێک پێکەوە لە بێدەنگییەکی تەواو و بیرکردنەوەدا، بە دەنگێکی نەرم و بەلێبووریی کەشیشانی دانپیانان ڕووی تێکرد:

- ئەوڕاستگۆییەی ئێوە لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتی ئێستای خۆتاندا نواندتان، کاری تێکردم. کاتێک مرۆڤ ئازادانە دان بەتاوانێکدادەنێ بەڵگەی ئەوەیە بەدڵ پەشیمان بۆتەوە. بەڵام بابەتێکت هێشتا بەمن نەکوتووە، ویستم بیزانم؛ کاتێک خۆت کوتەنی دڵت لە کاری وان بەگومانە، چ پێویست دەکا لەژێردەستی ویدا ڕاهاتن بکەی و مەنجەڵی حەزە خاوەکانی دەم بەدەم زیاتر وەکوڵ بێنی؟ ئەگەر ئیشتیایەک بۆ تەواوکردنی ئەو هونەرە لەتۆدا هەیە، ئەوبابەتە ڕێگات پێنادا کە تەسلیمی ویست یا هەوەسی لۆتییەکی ئەفسوونکار بی. بەو هەموو ئاوات و ئارەزووانەوە، بەو هەموو هەڵبەزدابەزەی گەنجێتییەوە، بۆ دەبێ لەداهاتووی خۆت خافڵ بی؟! بۆ نابێ زووتر ئەو فکرەت بۆخۆت کردبێتەوە؟ پەندێکی بەنێوبانگ هەیە دەڵێ لەبن دیواری شکاو مەخەوە با خەونی ئاڵۆز نەبینی.

- تەنیا داهاتووی من نییە، ئێوە باسی منداڵەکانم بکەن، و با بڵێین بەڕاستی ئەو ئەڵماسە ڕەق و بریقەدارە بووم کە هیچ کانزایەک نەیدەتوانی خەتی تێ بخا؛ و ئەو پلەبەرزە گریمانەییەش کە ئەو دەیڵێ وەدەستی بێنم؛ بێجگە سەماکارێک چ ناوێکی دیکەم هەیە؟ ئایا ئەوە بۆ منداڵانی من لەنێو هاوتەمەنانیان یا خەڵکی شاردا نەدەبووە هۆی سەرشۆڕییەکی گەورە؟ ئێستا باسی بەدبەختییەکی گەورەتر ناکەم کە براو کەسوکارم پاش کردنە پیشەی ئەو کارە چون دەری دەبەن؛ هەرچەندیش ئەوان بە بێگانەیان زانییم یا هێڵی فەرامۆشییان بەدەورمدا کێشابێ، دیسانیش دڵنیام ڕەگی کوردانەی خۆیان لەدەست نەداوە. ئەگەر من بۆ نەجاتی یەکجارەکیی خۆم لەو داوەی وەک تەونەجاڵجاڵۆکە بە پەڕوباڵمەوەنووساوە لەچاوەڕوانیی کاتی لەباردا نەبووبام و بە تەگبیر و سیاسەت ئاوا بەهیواداری ڕام نەگرتبایە، دەبوو هەر لەڕۆژی یەکەمەوە دەستم لەخۆم شوشتبا و بەرەوپیری مەترسی چووبام. کاتێک دەتوانم دەستی خاترجەمیی وەبن سەری دەم*[1] و چرکەیەک لەوماڵەدا نەمێنم کە قەرزە ڕاستی و داواییەکانی ویم بەتەواوی دابنەوە؛ کە پشتم وەک ئێستا بەبوونی دۆستێکی وەک ئێوە قایم بووبێ و بەشێوەیەکی پەسنفدکراوو ئابڕوومەند لێی جوێ بووبمەوە. هاتنەدەرم لەوماڵە بەشێوەی هەڵاتن ئەوکاتە ئاوەز هەڵیدەگرێ کە بزانم سپەینێ لەجێگایەک لە کۆڵان و بازاڕدا بەرەوڕووم نابێتەوە، هەرگیزدەستی وێم ڕاناگات ئاخر ئەوەنییەمن دەمەوێ لەوشارە بژیم؟ نازانم باهیچت لەسەر پیوەک لەناوچەکانی باشوور بیستووە یان نا، کە نەخۆشییەکی سەیرە؛ خودی حوسێن خان ئەوەی بۆ گێڕاومەوە؛ جێگایەکی لەش وەخروو دەکەوێ و بریندار دەبێ. سەری کرمێک وەدیار دەکەوێ کە لەژێر پێست پەیدابووە، مچووڕکم پێدادێ! نەخۆشییەکی پیس و بەئازارە کە کەسی بێئاگا لەترسی گیانی دەیەوێ کرمەکە بگرێ و دەریکێشێ، بێخەبەر لەوەی کرمەکە لەخوارەوە دەپسێ و نەخۆشییەکە خراپتر دەبێ. ئەودەردەی تووشی منی سەربەقوڕ بووە، کاکی ئازیز، کەم وەو پیوەکە ناچێ. باش بوو ئەو پەندەم وەبیرهاتەوەو کوتم؛ سپەینێ کە دێنەوێ تا دەتوانن نەرمی و ئەخلاق بنوێنن تا کاربەباش و خۆشی تەواوبێ. تا دەگونجێ هەوڵ بدەن قایلی کەن. هەروەک کوتم و بۆخۆشتان کەمتاکورتێک دەزانن، ئەو پیرەمێردێکی خاکەڕاوبێهاتوهاوارە؛ هەموو ئاگرەکان بێجگە لە تەماحی ماڵ، کە نەخۆشیی پیرییە، لەوجوودیدا بۆتە خۆڵەمێش. ئەڤینی هونەر ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام کاتێک ژیان و شەرەفی مرۆڤ بەگرێو بگرێ دەبێ لەبەری هەڵێێ. ئەوپیاوە هەرچەندەش لە ناجسنی و خوێرییایەتیی هاو مەشرەفانی بەدوور بێ، لە

*١- نووسەر دەڵێ (آب پاکی بر دست او بریزم) کە هاوسەنگەکەی دەبێتە ئەوە

کینۆیی بەدوورنییە، من ئەوەی باش دەزانم؛ پێیخۆشنییە کەسێک گاڵتەی پێکردبێ. بێجگەلەوەش، ژنەکەشی نابێ لەبیرکرێ کە لە ڕووهەڵماڵاوی و چاوەشیدا تاقانەی ڕۆژگارە. هەرچەشنە بەزموەهەرا و هاتوهاواریێک کە ناوی من بخاتە سەر زاروزمانان، هەر وەک پسانی کرمی پیوەکە. ئەگەر من جاریێک بەو ئەڤینە ساختەیە، کە هەموو دوستانم ئاگایان لە چۆنیەت و هۆکارەکەی بوو، ئابڕووی خۆمم بەبادادا، هۆکاریێک نییە جاریێکی دیکەش خۆم دەپیسایی وەردەم. دراوسێ و ئاشنایانی کۆنم ئەگەر من بە ژنێک دەزانن کە شایانی هەر چەشنە پاشەڕۆژێکی ڕەشم، هێشتا ئەوداغە بەدناوییەیان لەنێوچاوانی نەداوم کە هەر کوتنیشی لەرزە دەخاتە گیانم، زمانی خەڵکی خەرەزەنی خوایە، کاکی ئازیز، چارەنووسێکی وام بۆ داوامەکەن. ئەوەم دەکوت، ئەوپیاوە تا ئێستا بەهیوای ئەو پووڵەقاقەزە سەوز و سورانەی سپەینێ خەڵکی خۆشگوزەرانی ئە وڵاتە دەپێش سینگی سەماکارە تازەکەی باخنن، لەشاییان پێی وەحەرزی نەکەوتووە. ئەمنی بە سەرخۆشیی مریشکێکی سەرجووچکان وەبن باڵی خۆی گرتووە. لەهەر شتێک بگوزەرێم، لەوبوارەدا هەقی باوکایەتیی بەسەرمنەوە هەیە، بە کچمگیان بانگم دەکا؛ دەڵێ تۆش بۆمن لەجێگای نێرگزی؛ ئەگەر لەکارەکەت وەڕەز یا ماندووبووی بە باشترین جیاز بەمێردت دەدەم؛ بەڵام پێم خۆشە مێرد نەکەی؛ تۆ دەبێ وەک شەم کە دەسووتێ و گیانی فیدای گڕەکەی دەکا ژیانت بۆ هونەر بوێ نەک هونەر بۆ ژیان؛ هەموو ئەو هونەرمەندە گەورانەی بەجێگایەک گەیشتوون ئاوهابوونە. منیش دەبیسم و هیچ ناڵێم؛ لەهەمووی ئەو ئاڵەقۆقانەی ئەو بۆخۆی دەیانچێنێ، بە بێدەنگییەکی مەسڵەحەتیی فێڵبازانە بەدەوری خۆمدا تەونێکم چنیوە تا بەشێوەی کاتی لەزیانی مەترسیگەلی خراپتر پارێزراوبووبم. تائێستانەمزانیوە هەست و ویستی کەسیی وی سەبارەت بەمن لەکام چەشنەبووە؛ بەڵام بەهەمووتەمەنی خۆم و ئەوەندەی تێگەیشتووم، ئەوبوونەوەرە دووپێییە شتێکی زۆرسەیروسەمەرەیە؛ سەری بگاتە پەڕپەڕۆجکەی ئاسمان، هێشتاپای‌لە خاکدانی زەمیندایە؛ خووی زەمینیی هەیە، پەراسوویەکی ئی حەیوانە؛ دووپەیکەرێکە باڵی ئیفریشتەولەشی ئیئەسپە. بەباشی دەزانم، ئەگەر ئەوەی دەدڵمدا بوو هێنابامە سەرزمانمو بەڕاشکاوی ناهومێدم کردبا، بێگومان ئاڵەدین دەبوو، لەقەڵسییان دەستی لەکاری نەکوتراودەدا؛ ئەو ڕووپۆشەی فریو و زمان شیرینییەی فڕێدەدا کە ئیتر بەکاری نەدەهات و بەشێوەیەکی توند و نامرۆڤانە بەلایەکی دیکەدا هێرشی دەست پێدەکرد، تا ئەو گەوهەرەی شەرەف و ئابڕوویە وەک شاباڵی مەل لەباڵم هەڵقەنێ و دەئاگریی باوێ، کە خۆڕاگرییەکەم بۆ خاتری وییە. ئەوجار بۆ هەمیشە یا لانکەم بۆ دووسێ ساڵێک دەئیختیاریدابم. پێم دەڵێ، تەنانەت ئەگەر ناوێری لەوشارەدا دەست بەکاربکەین، یا لەمێردی پێشوو و کەسوکارت دەترسێی، بەبڕینی پەیوەندیبێرەوە، ژیانوخرتوپرتی خۆمان لێرەباردەکەینودەهۆڵی وڵاتێکی دیکە لێدەدەین؛ بۆ هەرکوێ بتەوێ؛ و بۆمن ئەوە گرنگ نییە کچەکەم بۆخاتری مێردەکەی گیرۆدەی ئەو سەرزەمینەیە، تۆ لەجێی ئەوی؛ دووریی وی بۆخاتری تۆ بەگیان و دڵ قبووڵ دەکەموهەرچۆن تۆبڵێی وادەکەم. یەکەم تۆ و دووهەمیش ئەوتارە خۆشەویستە کە یادگاری یەحیاخانە و سێهەم ژیانی ژنومنداڵان؛ ئایا دیسان لەدانەوەی وەڵام دوودڵی؟ من تەنیا بۆئەوەی شتێکم کوتبێو لەڕاستیدا بۆکردنەوەی جێپیی‌دوایی، بێدەنگیم شکاند و کوتم، بێگومان خۆتان باشترلەمن دەزانن کەدەست کردن بەسەما بۆ کچێکی باواندای وەک من لەوشارەی لێی گەورەبووم چ کێشەو گرفتاریهایەکی بەدواوەیە. بەڵام هەر ئەوقسە بووبەبەڵای گیانم؛ ڕۆژی‌دوایە دیتم کەسانێک بۆدیتن و بەکرێ گرتنی ماڵەکەی هاتنەوێ. بەوجۆرە ئیدی بۆمن نەڕێگا بۆپێشەوە و نەبۆپشتەوەنەماوە. گەیشتوومەتە کۆتاییی ئەوبێدەرەتانییەی سێمانگونیوە تێیکەوتوومە. پەلەی وی زۆرتر لەوەیە کە مانگی ڕۆژووانو وەرزی زستان هەردووکیان لەتەواوبووندان. بەزوویی وەرزی بەهاروجەنگەی شایی دەگاتێ، کە بڕەوی کاری وی پێدەگات. کاتێک دیتم بەنیازی ڕۆیشتن ماڵەکە بەئیجارەدەدات، خۆی بۆسەفەرئامادەدەکاتو کارەکان هەروا بەگاڵتە وەڕاستی دەگەڕێن، لەگەمەی خواری کەوە و مەیڕێژەی خۆم و بەتایبەتی ئەوقسەی دوایەم پەشیمان بوومەوە و تەنانەت ئەو پەشیمانییەم لە چاوی وردبینی وی ون نەبوو. بانگی کردمە هۆدەکەی خۆی و بەتێڕاخوڕینێکی وا کە پێشتر لەویدا بەدیم نەدەکرد، پرسیی: هەرلێرە یا لە جێگایەکی دیکە، چ دەڵێی؟ زووتر بیرەکانت بکەوە و وەڵامم بدەوە!

ئێستا سێڕۆژە دەستاودەست بەواژۆی ئیجارەنامەکەی‌دەکا؛ چاوەڕوانی وەڵامی‌لێبڕاوانەی‌منە. تا لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ یەکێک لە شاگردانی هەڵبژاردەی و ژنەکەی، کە لەبنەڕەتدا ڕەشتییە، یا بچینە ناوچەکانی باکوور یا تەورێز.

هوما قسەکانی وا تەواوکرد کە گۆیا لەگەڵ کارێکی کراودا بەرەوڕووبووە و بێجگە لە ملکەچی چارەیەکی دیکەی لەپێش نییە. سەری خۆی داخست و لێوی خۆی گەست. سەیدمیران لەبنەوە چاوێکی لەڕوخساری کرد؛ جوانی و پیرۆزیی ڕوخساری وەک هەتاوی پاش باران شایی هێنەر بوو؛ پاشان بە سەنگینی و گرانییەکی تایبەتەوە سەری ڕاوەشاند و بەدەنگێکی وا کە ترسی بێجێی ویی بەگاڵتەدەگرت و لەهامان کاتیشدا مایەی دڵنیاییی بوو کوتی:

- وەڵامی ڕوونولێبڕاوانە سپەینێ لەمن‌دەبیسێ؛ تۆی دەگەڵ خۆی بردولەبیری‌نەماوە. وڵات ئەوەندەش کەئەو وێنای دەکا بێ‌خاوەن‌نییە!

هوما بەدەنگێکی نزمەوە کوتی:

- بەو بەدبەختییەی بۆخۆم بەسەرمخۆمم هێناوە، لەوەی دەترسێم کە سەرەنجامی کارەکەم بکێشێتە جێگای ئاستەم. ئەگەر با بەگوێچکەی کوڕەمامەکەمیدا بچرپێنێ کە ڕۆژگارێک بەوکۆڵانەدا تێپەڕیوم، ئایەتەکانی قورئان بکەمە کراس و دەبەرخۆمیان کەم بەزەلیلی لەناوم دەبا. ئێ تاچەنددەمێکی دیکە من بەجێت دێڵم، ماڵەکە هەر لەولاکۆڵانەیە، یەکەم ماڵی دەستی چەپە.لەوە زیاتر دەگەڵ من مەبن؛ لەوانەیە ژنەکەی لەبەردەرگا یا لەسایەی‌دیواری کۆڵاناچاوەڕوانی‌من بێ. ئەگەردەگەڵ‌تۆم ببینێ نەخشەکانمان بەتەواوی‌پووچەڵ‌دەبنەوە. ژیان و مەرگی‌من دەدەستی‌تۆدایە، تۆش بەخوادەسپێرم. دیسان لەبەرتان‌دەپاڕێمەوە، سپەینێ کەدێنەوێ‌هەرچەندە دەتوانن‌ودەکرێ نەرمی بنوێنن.